# ئاوازو گۆرانی کوردی
# لەدووڕیانی مانەوەو تالآنکردندا

ئاوازو گۆرانی هەر نەتەوەیەك، سیماو خەسلّەتی تایبەتی خۆی هەیەو، دەتوانرێت نەتەوەکان لەرێگای کولتووری جل و بەرگ و ناوی تاکەکان و مۆسیقاو گۆرانیەوە بناسرێنەوە. هەر ئەوەشە، وایکردووە گرنگی ئەو بوارە ديارو بەرچاو بێت و بکرێتە یەکێك لەکۆلّەگەکانی مانەوەو بەپێوە وەستانی نەتەوەکان.

گۆرانیو مۆسیقاو ئاوازی کوردی، وەك هەر لایەنێکی تری ژیانی کوردەواری، بەهۆی پارچە پارچە بوون و پیادەکردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەولّەتە کۆلۆنیالّەکانی عەرەب و فارس و تورك، تووشی شێواندن و تالآنکردن هاتووە. بەسەدان ئاوازو گۆرانی ڕەسەنی کوردی کراونەتە مولّکی ئەو نەتەوە داگیرکەرو سەردەستانەو، بەشێکیش لەخۆمان، لەم بوارەدا یارمەتیدەرێکی کاراو لێزانی ئەو داگیرکەرانە بووین، کە هەلّبەتە دەتوانین بە خیانەتێکی گەورەی نەتەوەیی لەقەلّەم بدەین و پاکانەکانیش ناچێتە هیچ گیرفانێکەوە.

لەباکوری کوردستاندا، کە لـەڕووی ڕووپێـوی خـاك و ژمـارەی دانیـشتوانەوە، گەورەترین بەشـی کوردسـتانە، کوردەکـان، تووشـی گـەورەترین و تووندوتیـژترین چەوسانەوە هاتوونەو لەبچووکترین مافی ئینسانی بێبەش کراون.. پیـادەکردنی ڕیو ڕەسمـە کولتوورییـەکان و نـاو لێنـانی منـدالاّن بـەئارەزووی خانـەوادەکانیان و لەبەرکردنی جل و بەرگی نەتەوایەتیو چڕینی ئاوازو گۆرانی بەزمانی باب‌و کالاّن، دەچنە خانەی شتە قەدەغەکراوەکان بەپێی دەستووری بنـچینەیی تورکیـا، ئـەوەی لەتورکیا بژیت تورکەو، بەو پێیەش جگە لەزمان و کولتووری تورکی، شـتێکی تـر بوونی نییە..

داگیرکەران، چۆن توانیوویانە سامان و خێرو بێری زۆرو زەوەنـدی نەتەوەکـەمان بەتالاّن ببەن و، بیخەنە خزمەت ئاشەکانی شەڕیان دژ بەخۆمان، بەهەمان شێوەش، ئاوازە ڕەسەنەکانیان دزیوین و بەزمانێکی تر پێماندەبەخشنەوە... ئەگـەر یـەکێکی شارەزاو خاوەن گوێچکەیەکی مۆسیقا، بەدیقەتەوە گوێ لـەئاوازو گـۆرانی تـورکی بگرێت، زۆر بەئاسانی دەتوانێت سەدان ئـاوازی کـوردی بناسـێتەوەو بەسـاحێبیان بکاتەوە.. بەدواداچووی ڕۆژانەی کەناڵە تورکیەکان، بەئاسانی هەست بـەو ڕاسـتیە دەکات و دەکرێت ببێتە شاهید حاڵێکی بۆچوونەکانمان.

چۆن لەبواری خیانەت و پێش لەشکر کەوتنی داگیرکەران و چاوساغی کردن بۆ دوژمنان، مێژووەکەمان خالّی نییە لەکەسایەتی خۆفرۆش و پاشەڵ پیس، بەهەمان شێوەش لەبواری بەتالاّنبردنی ئاوازو گۆرانی کوردی بەدەیان کەسایەتی ئەو بوارەمان هەیەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لەژێر پەردەی هەر بیانوویەك، درێژە بـەو خیانەتـە دەدەن و، سـامان و کولتـووری کـوردی تـالاّن دەکـەن و ناسـنامەی نەتـەوە کۆلۆنیالیّیەکانیان، بەبالاّدا دەبڕن. لەباکووری کوردستاندا، پێشڕەوو سەرکردەی ئەو

تاقمه خۆ فرۆشانه، (ئیبراهیم تاتلّی سـەز)ی گۆرانیبێـژو دەنـگ زولاڵـی بەڕەگـەز کوردە. کە ئەوە دەڵێت، وەنەبێت ڕق و قینی شەخسیمان لەو دەنگ خۆشە بەتوانایە بێت، بەقەد ئەوەی لەخەمی ئاوازو مۆسیقای کوردیداین.

(تاتلی سەز)، یەکێکە لەناوە پێـشەنگ و درەوشـاوەکانی گـۆرانیو مۆسـیقای تورکیو جەماوەرێکی فراوان و زۆرو زەوەندی هەیە، جارو بـاریش لەشـەرمی ڕووان، یەك دوو کۆپلّە یان گۆرانییەك بـەکوردی دەڵێـت، دواتـر لەلایـەن گروپـە ڕەگـەز پەرستەکانی تورك و دادگاوە، تووشی لێپرسینەوە دەبێت.. نزیکترین ئەو دەمـەقالّیو فشار خستنە سەرەش، چەند مانگێك لەمـەو بـەر بـوو، کاتێـك کـە (ئیـبراهیم) لەئاهەنگێکدا گۆرانییەکی بەکوردی گوت، ڕەگەزپەرستەکانی سەر بەپارتی گورگە بۆرەکان (مهێپە)ی هەراسان کردو لەچەند کەناڵێکەوە هێرشی کرایـە سـەر.. ئـەو کارە دەرهەق بەگۆرانیبێژی گەنج و بەڕەگەز کورد (فەرهاد تونج)یـش کـرا.. لـەو سەروبەندەو دەربارەی ئـەو ڕووداوە، زۆر بۆچـوون لەلایـەن ڕۆژنامـە کوردییـەکانی باشوورو ڕۆژنامە تورکییەکان بلاّوکرایەوە، کەزۆربەیان لەسەر ئەو ڕایە کـۆك بـوون کە (تاتلّی سەز)، لەدوا دوای تەمەن و گەیشتن بەلووتکە، بەدەردی (ئەحمەد کایا)ی گۆرانیبێژ دەچـێت.. چـۆن (کایـا)، ناچـار کـرا تورکیـا جێبهێڵێـت و بـەناکامی لەفەڕەنسادا سەری نایەوە، هەمان چارەنووسیش لەچاوەڕوانی (ئیبراهیم) دایە.. بەلاّم بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە بەر بلاّوانە، من پێم وانییە (ئیبراهیم) وا بەئاسانی دەست لەتورکیا بەر بدات و بەرژەوەندی بالاّی کورد بخاتە پێش بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی.. جیاوازییەکی زۆریش لەشەخسیەتی (کایا) و (تاتلّی سەز)دا هەیە. (کایـا)، بابایەکی مۆسیقازان و خاوەن فکرێکی چەپ بوو، جگـە لەفکرەکـەی هـیچ جـۆرە سامانێکی تری نەبوو.. بەپێچەوانەوە، (تاتلّی سەز) لەڕووی ڕۆشنبیریی هونـەریو پابەندبوون بەسیاسەت و فکرەوە، ناگاتە قولّە پێی (کایا).. جگە لەوەش، (تـاتلّی

سەز) بووەتە خاوەن سەرمایەکی زۆرو چەندان هوتێل و ئەپارتمان و چێشتخانەو کۆمپانیای گواستنەوەو ڕادیۆو کەناڵێکی ئاسمانیشی هەیە. ئەو سامان و موڵك و ماڵە زۆرەی، وایکردووە، چەندان پەیوەندی ژێراو ژێر لەگەڵ کار بەدەستەکان ببەستێت و دەیان مافیا لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە.. بۆیە بەهیچ جۆرێك مەنتیق نییە، ئەو (ئیبراهیم)ە لەپێناوی ئاوازو گۆرانی کوردیدا، دەست لەو هەموو سامان و بەرژەوەندییە هەڵبگرێت و پشت لەتورکیا بکات و لەپایتەختە ڕۆژئاواییەکان، کۆنسێرتی کوردی ساز بکات.

جگە لە (ئیبراهیم)یش، بەدەیان گۆرانیبێژو دەنگخۆشی بەرەگەز کورد، چەندان ئاوازو گۆرانی کوردی ناوچەکەی خۆیان کردۆتە تورکیو، لەم ڕێگایەوە بوونەتە خاوەن جەماوەرو ناوبانگیان پەیدا کردووە.. نموونەی ئەو گۆرانیبێژانە، (مەعسون قرمز گول، مەحمود تونجار، بورهان چەچان، ئیمرە، ئیبراهیم ئەرکاڵ، عەلی شان، فەرهاد تونج، جەیلان، یڵدز تیلبە، سەهەر دیلۆوان، بەردان ماردینی، سەیفی دۆغان ئای، ئیسماعیل حەزەر، ئوزجان دەنیس، مستەفا ئور، نیهاد دۆغان، هەقی بەلوت، لەتیف دۆغان، قەدەر، حوسێن تاتلی، یەڵماز ئەردۆغان، و..وو) چەند گروپێکی مۆسیقاو گۆرانی وەك، (گروپ یۆرو و گروپ مونزورو گروپ چل و شەش) و زۆری تریش.

ئەگەر ئەو گۆرانیبێژو دەنگخۆش و گروپانەش، پاکانە بکەن و بڵێن، (لەتورکیادا گۆرانیو مۆسیقا جگە لەتورکی بەزمانەکانی تر یاساغە). ئەوە دەتوانن گۆرانی نەڵێن، یان ئەگەر دەشیڵێن، با ئاوازی فۆلکلۆری ناوچەکەیان نەشێوێنن و دەقەبەری تورکانی نەکەن. تورکەکان، خۆیان ئەو شاهیدییە دەدەن و بەخۆم چەندان جار گوێم لێبووەو دەڵێن: (ئەگەر گۆرانیبێژەکانی ئەنادۆڵ یان عەلەوییەکان نەبێت، ئەوە مۆسیقاو ئاوازی تورکی چی لێ نامێنێت..) بەواتایەکی تر، گۆرانی ڕەسەن و

فۆلكلۆری توركی ئەو گۆرانیانەن كە كوردەكان و عەلەوییەكان دەیبێژن.. چۆن زۆرجاران (حەسەن زیرەك) دەیگوت: (هونەر بەلای ئێرانییەكانەوەیە). توركەكانیش بەتایبەتیش خاوەن سەلیقەو گوێگری فۆلكلۆرو گۆرانییە میللییەكان دەڵێن: (گۆرانیو ئاوازی ڕەسەن، بەلای ئەنادۆڵیو عەلەوییەكانەوەیە).. گومانیش لەوەدا نییە كە ئەنادۆڵییەكان كوردەكانن و بەشێكی زۆری عەلەوییەكانیش سەر بە نەتەوەی كوردن... بەرچاوترین گۆرانیبێژی عەلەویش خانم (یڵدز تیلبە)یەو بەدەیان ئاوازی ڕەسەنی كوردی كردۆتە توركی. بۆ پێشگرتن لەو كارە بەچاكی دەزانم:

١-خەڵكێكی شارەزاو پسپۆڕی ئەو بوارە، ڕووپێوێكی ئاوازی فۆلكلۆری ناوچە كوردییەكان بكات و گوێی لەدەنگخۆشەكانیان بگرێت و دەنگەكانیان تۆمار بكات، (چونكە بەشێكی زۆری پیرەكان، جگە لەكوردی ناتوانن بە توركی بئاخافن). ئەوجا ئەو گۆرانییە تۆماركراوانە لەگەڵ ئاوازی ئەو گۆرانییانە بەراوورد بكات، كە بەڕەگەز كوردەكان كردویانەتە توركی.. ئەوەی كوردی دەرچوو، بەشێوەیەكی نۆتەی بۆ بنووسرێتەوەو دووبارە سەر بەخاوەنەكانیان كە (كوردن) بكرێنەوە.

٢-ئەوگۆرانیبێژو گروپە كوردییە باكوورییانەی لەدەرەوەن، دەتوانن ئەو كارە ئەنجام بدەن و ئەو سامانە دزراوانە بكەنەوە بەكوردی.

٣-لەبری سەركۆنە كردن و بەچاولێكەری (ملقد) لەقەڵەم دان، هانی ئەو هونەرمەندانە بدرێت كە دووبارە گیانی كوردێتی وەبەر ئاوازە دزراوەكان دێننەوە.

٤-هەمان گۆرانیبێژە كوردەكان، ئەگەر دەلیڤە ڕەخسا، دەتوانن ئەو ئاوازانەی كە بەتوركی گوتەوویانە، دووبارە بەشێوەیەكی زانستیو ڕێك و پێك بەكوردی تۆماری بكەنەوە.

# (ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو) و
# چەند پەراوێزێكی واقیعیانە

(ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو)، بەشی یەكەم، ناوی كتێبێكی یاداشت ئامێزی كاك (سابیر كۆكەیی)یەو لەساڵی ٢٠٠١ لەدوو تویێی (٤٠٢) لاپەڕە چاپ و بلاوكراوەتەوە. ناوی هیچ شوێن و دەزگایەكی چاپكردنی لەسەر نییە.

كاك (سابیر)، لەمانگە سەرەتاییەكانی ساڵی ١٩٨١ بووەتە پێشمەرگەو تا كۆتا هاتنی ئەنفالەكان، درێژەی بەخەباتی چەكداری داوە.. دواتریش تا ساڵی ١٩٩٨، لەریزەكانی یەكێتی نیشتیمانی كوردستاندا، كاری سیاسی كردووە. ئەوەی من ئاگادارم، لەساڵی ١٩٩٦-١٩٩٧ لێپرسراوی ڕێكخراوی (ینك) بووە لە (ئەسینا)ی پایتەختی یۆنانستان. دیارە یاداشت نووسین و تۆماركردنی ڕووداوەكان، كارێكی پڕ لەبایەخ و بەهەند هەڵگرتنە، بۆ نووسینەوەی مێژووی پڕ لەخەبات و هەڵكشان و داكشانی نەتەوەكەمان، بەمەرجێك ڕاستگۆیی‌و ڕاشكاوی‌و جورئەتی تێدا بێت.. چونكە، ئەگەر وانەبوو، زێتر مێژووەكەمان دەشێوێندری‌و ڕووی ڕاستییەكان –ئەگەر بۆ ماوەیەكیش بێت- پەردە پۆش دەكرێت.




کاک (سابیر)، ئەو ماوە درێژەی (١٩٨١-١٩٩٨)، لەریزەکانی (ینک) کاری کردووە، بەدڵسۆزی و بێ پسانەوە، لەهەوڵی چەسپاندن و بەئامانج گەیاندنی دروشمەکانی (ینک) کاری کردووەو چالاکی نواندووەو هەوڵی داوە هەرچی زێترە خەڵکی کوردستان لەدەوری ئەم رێکخراوە کۆ بکاتەوە. لەساڵی (١٩٩٨) وازی هێناوە، بەڵام لەهیچ شوێنێکی یاداشتەکەیدا هۆی وازهێنان و بەجێ هێشتنی ریزەکانی (ینک) روونەکردۆتەوە. سەر لەبەری یاداشتەکانی، هێرش کردنە بۆ سەر ئەو رێکخراوە... لەچەندان شوێندا، بەبێ مناسەبەو پێویست بوون، بای داوەتەوە سەر هێرش کردن و نقورچ لێدان، بەتایبەتیش بۆ کەسایەتی جەلال تاڵەبانی. کە ئەوە دەنووسم، من رۆژێک لەرۆژان (ینک) نەبوومە، لەوانەیە لەرووی راگەیاندنەوە بەربەرەکانیشم کردبێت. ئەو سەرنجانەی من بەرگریکردن نییە لە (ینک)، بەڵکو خستنە رووی چەند راستییەکی واقیعییانەیەو رووبەرووی هەڵوێستی عەمەلیو یاداشتەکانی کاک سابیر دەبێتەوە.

* كاك (سابیر) لەلاپــەڕە (١٢٩)دا دەڵێــت: (ڕۆژی ٣/٥/١٩٨٨ ڕژێمــی ڕەفتــار فاشیستی عێراق بەهەشت فڕۆکەی جەنگی هەموو دانیــشتوانی گــۆپ تەپــەو عەسکەری پر ژەهری کیمیاوی کرد. لەیەك کاتژمێردا زیاتر لــە ٣٥٠ کەســیان بــەپیرو جــوان و منداڵــەوە بــەو ژەهــرە کیمیاویــە خنکانــدو بــوون بــەقوربانی سەرکردایەتی داسەپاوی نویَ..)

* لەلاپەڕە (١٣٠)دا دژی تاڵەبانی دەنووسێت و دەڵێت: (جەلال تاڵەبانی لەمێژووی ژیانیدا هەمیشە لەســەر حــسابی خــوێنی ڕۆڵــەی کــورد هــەوڵی ئــەوەی داوە کەهەلێکی بۆ بڕەخسیو شوێنێکی ناودار بدۆزێتەوە بۆ دانــانی بنکــەی خــۆی لیَیو ناوی بچێتە مێژووەوە....).

باشە، مادام ئــەو ســەرکردایەتییە داســەپاوە، بۆچــی کــاك ســابیر زووتــر وازی نەدەهێناو ماهیەتی ئــەو ســەرکردایەتییەی بــۆ خــەڵك ڕوون نــەدەکردەوە. لــەلای هەمووەمان ئاشکرایە، هەر لەسەرەتای هەشتاکانەوە، کاتێك کە کاك سابیر بووەتــە پێشمەرگە، تاوەکو ئێستا ناوی ئــەو ڕێکخــراوە بــەو ســەرکردایەتییەوە بەنــدە. بــۆ مەسەلەی دیاریکردن و دانانی بارەگای ڕێکخراوەکــە، ئــەوە پێویــستی بــەهۆکاری ئەمنیو پاراستنی ئەو دەزگا سەرەکیو هەستیارە هەیە نەك کەسێکی تایبەتییەوە.. مێژووی سەر لەبەری سەرکردە کوردەکانیش ئەو ڕاستیەیە دەسەلمێنن.. وەك شۆڕشــی شێخ سەعیدی پیران کە بارەگاکەی لەچیای (پیران) بوو. شێخ مەحمودی نــەمر لــە (داریکەلی) و قازی محەمــەد لــە (مهابــاد) و مــستەفا بــارزانی لــە (بــارزان) و ئێستاکەش مەسعود بارزانی لە (سەری ڕەش) و مام جەلالیش لــە (قەلاَچــوالاَن). شوکر دوای بلاَوبوونەوەی کتێبەکەی کاك سابیر، تاڵەبانی شوێنی خۆی گواستەوە بۆ هاوینە هەواری (دوکان). ئەو مەسەلەیە هی ئەوە نییە، کەسایەتی کەســێکی پــیَ لەکەدار بکرێت.. ئەو هەڵوێستەی کاك سابیر ئەوەم بیر دەخاتەوە، کاتێك کە (ینك)

له ٥/٢/٢٠٠١ لەسلێمانی دووەم کۆنگرەی خۆی گرێداو سەرکردایەتییەکی تازەی هەڵبژارد. یەکێك لەئەندامی سەرکردایەتیەکان دەرنەچوو، چونکە پێگەی جەماوەری لەناو ینك دا نەبوو و کاتی خۆی بەرێکەوتن و تەعین بوون ئەو شوێنەی وەرگرتبوو. ناوبراو، پاش زێتر لەهەشت ساڵ هیچ گلەیيەکی لەو سەرکردایەتییە نەبوو. کە دەرنەچوو و پایەی جارانی لەدەست دا، هاتبووە هەولێرو لەچاوپێکەوتنێکی دەزگاکانی ڕاگەیاندندا گوتبووی: (... بۆیە وازم لەینك هێناوە، چونکە مام جەلال دیکتاتۆرە!!). ئێمە هەقمان بەسەر ئەوەوە نییە بیسەلمێنین کەمام جەلال دیکتاتۆرە یان دیموکراتخوازە بەقەد ئەوەی بڵێین، بۆ ئەو هەشت ساڵە دەنگت نەکردو نەتدەگوت دکتاتۆرە.. تازە بەتازە، پاش لەدەست چوونی کورسیو پلەو پایە، ئەوجا هەڵوێست وەردەگری. هەڵوێستی کاك (سابیر)یش، بەدڵنیاییەوە دەڵێم دیارە کاك (سابیر)یش تووشی هەمان دەردی برادەری گۆرین هاتووە.

بۆ مەسەلەی کیمیاباران کردنی گۆپ تەپەو شوێنەکانی تری کوردستان و ئەنفالەکان و پەیوەست بوونیان بە (ینك)ەوە، ئەوە هیچ ڕاست نییە.. گریمان ئەوە سوچی ینك بوو ئەدی خۆ کردەوە دڕندانەکانی تری ڕژێم دەرهەق بەخەڵکی باشوورو زۆنگاوەکان، ئەوانە هیچیان پەیوەندی بە پرۆسەی بەرهەڵستی کوردو تەواوی خەڵکی عێراق نییە بەقەد ئەوەی ماهیەتی ڕەفتارو پێکهاتەی ئەو ڕژێمە دەردەخەن.. باشە، ئەوە (ینك) بووە هۆکارێك و بیانووی دایە دەست ڕژێم بۆ ئەوەی ئەنفالەکان ئەنجام بدات، ئەدی:

- ئەنفالەکانی بادینان بۆ؟! خۆ (ینك) لەبادینان بالادەست نەبوو، مەترسییەکی گەورە نەبوو لەسەر ڕژێم؟!

- ئەنفال کردنی هەشت هەزار بارزانی بۆ؟!

- وشك کردن زۆنگاوەکان و کوشت و بڕکردنی خەڵکەکەی بۆ؟!

- قەتل و عام کردنی ئەندامانی نزیکی خێزانەکەی خۆی بۆ؟!
- کوشت و بڕکردنی نزیکترین هاوڕێکانی خۆی، پاش ماوەیەکی کەم لەهاتنە سەرکاری وەك سەرۆك کۆمار لە (١٧ی تەموزی ١٩٧٩)دا، ئەمانە بۆ؟!
- پاش ئازادکردنی عێراق و دۆزینەوەی ئەو هەموو گۆڕە بەکۆمەڵە لەسەرتاسەری عێراق.. ئەمانە بۆ؟! دەبێ (ینك) ئەوەندە ڕێکخراوێکی بەهێزو مەترسیدار بوو بێت و، ئەو هەموو خوێن ڕشتن و کاولکارییەی بەسەر تەواوی گەلانی عێراقدا هاتبێت بیانووەکەی بۆ (ینك) بگەڕێتەوە؟! ئەو وەڵامەی کاك سابیر قەناعەت بەهیچ کەسێك ناهێنێت... دڵنیام خۆشی ئەو قەناعەتەی نییە وەك لەیاداشتەکانیدا تۆماری کردووە.
* لەشەڕی براکوژیشدا، کاك سابیر (قارەمان!!)ێکی بەدەست و بردی ئەو هەڵمەتانە بووە.. پشکێکی باشی ئەو خزمەتەی بەر دەکەوێت، چونکە ئەویش ڕۆڵی لێپرسراویەتی هەبووە. لەلاپەڕە (١٤٦)دا دەڵێت، (لەڕۆژی جەژنی کرێکارانی جیهاندا بەدەیان نوێنەری کرێکاران قەتل و عام کران و سەرکردەو نوێنەرەکانیان دەستیگر کران لەوانەش بەهاددین نوری‌و کەریم ئەحمەدو ئەحمەد بانی خێلانی...).
مادام کاك سابیر ئەو ڕاستیە تاڵە دەزانێت و هەست بەو تاوانەی لایەنەکەی خۆی دەکات، بۆچی ئەو کاتە وەك دەیان پێشمەرگەو کادیرو هەوادارانی تەواوی لایەنە شەڕەکەرەکان، هەڵوێستی وەرنەدەگرت؟! ئەگەر نەیدەوێرا، باهیچ نەبوایە چەکی دابنابووایە.. جگە لەوەش خۆی گەرماو گەرم ئەو کوشت و بڕینەی بینیووە. دەمەوێ هەڵەیەکی تریش بۆ کاك (سابیر) ڕاست بکەمەوە، بەهاددین نوری ئەو کاتە

لەو شەڕەدا بەشدار نەبووەو بەدیلیش نەگیراوە، تەنها کەریم ئەحمەد و بانیخێلانی بەدیل گیراون... وەك لەتەواوی یاداشتەکانی لایەنە شەڕکەرەکان دەردەکەوێت[1].

※ لەدەیان شوێنی تردا، کاك (سابیر)، لەگەرمەی تۆمارکردنی بێ مناسەبە شانەکە لەسەری تاڵەبانی دەشکێنێت وەك لەلاپەڕە (١٤٤)دا هاتووە، (... ئەو ڕۆژە ٧ شەهیدو ٢٢ بریندارمان هەبوو، لەڕێگای ناوو ناوبانگی جەلال تاڵەبانی گیانی خۆیان لەدەست دا).

کاك (سابیر)، ئەو هەموو قوربانیو تێکۆشانەی (ینك) -بەکەم و کوڕییەکانیشیەوە- دەخاتە خانەی -لەپێناوی مانەوەو بەرژەوەندی جەلال تاڵەبانی-. (ینك)، باڵێکی سەرەکیو دیاری شۆڕشی نوێی گەلەکەمانە... ئەو بۆچوونەی کاك سابیر، لەوانەیە خەڵکێکی کەم بخاتە دڵەڕاوکیو گومانەوە، دەربارەی ڕەوایەتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان. هەروەها لەلاپەڕە (١٤٨)یشدا، هەمان بۆچوونی دووبارە کردۆتەوە.

※ کاك (سابیر) لەلاپەڕە (٢٨٣)دا، دەربارەی کارەساتی هەڵەبجەو ڕۆڵی (ینك) دەڵێت: (... دوایش لەلایەن چەند لێپرسراوێکی بێ ویژدانی یەکیەتی نیشتمانی سەروەت و سامانی لەدوا بەجێ ماوی هەڵەبجەییە ئەنفال کراوەکان ڕاگوێزی قولایی شارەکانی ئێران کران و بۆیان فرۆشراو پارەکەیان خستە گیرفانی خۆیان..).

١-تکایە سەیری ئەو کتێبانە بکە:
- پشتئاشان لەنێوان ئازارو بێدەنگیدا، قادر رەشید (أبو شوان).
- چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی کورد ١٩٨٣-١٩٩٠، فاتح ڕەسوڵ.
- بیرەوەرییەکانم، ئەحمەد بانیخێلانی.
- بیرەوەری پێشمەرگەیەك، سەید کاکە.

دەبوایـە، بـرای یاداشـت نـووس، وەك (کاکـە حەمـەی حـاجی مـەحمود)، بەڕاشکاوییەوە، بێ ترس و گوێ دانە پلەو پایەو مەوقیعیەتی ئێستایان لەکوردستان دا، بە بەڵگەوە دەست نیشانی ئەو کەسانە بکات.. جگە لەوەش، ئێستاکە کاك‌سابیر پەیوەندی بە (ینك)ەوە نەماوەو، لەوڵاتێکدا دەژیت، مەودای بـیروڕا دەربڕینـی تێـدا ئازادە.. تۆمارکردنی ئەو بۆچوونانە لەسەر بنەمای (چەند لێپرسـراوێك، گوتیـان، بینییان...)، بەبێ بەڵگە قەناعەت بەخوێنەر ناکەن و ناچنە هـیچ گیرفانێکـەوە... دیارە، کاك سابیر ناوی ئەو لێپرسراوانە دەزانێـت، بۆچـی ناویـان تۆمـار ناکـات؟! ئەگەرنا گومانی ئەوەم هەیە کاك سابیر هێڵی گەڕانەوەی بۆ خۆی دانابێت.

* کـاك (سـابیر) لەلاپـەڕە (٢١٨)دا، لەگێڕانـەوەی ڕووداوێکـدا، مێـژووی ٦/١٠/١٩٨٦ کاتی لێدانی بـیرە نەوتیـەکانی کـەرکوك بـە (وەرزی خەڵـەو خەرمان) دادەنێت. کەچی ئەوەی کەمێك لەناو ژیانی جووتکاریو لادێ نشینیدا ژیابێت، دەزانێت ئەو کاتە وەرزی چاندن و تۆوکردنە نەك وەرزی خەڵەو خەرمان. وەرزی خەڵـەو خـەرمان لەمانگـەکانی (٧ و ٨)ە. بـەڵام کـاك (سـابیر) بـۆ چەسپاندنی بۆچوونەکانی خۆی، خوێنەری ناشارەزا چەواشە دەکات.

*کاك (سابیر) لەلاپەڕە (٥٢)دا، کاتێك کە لەزیندان دا بووە، دەربـارەی (بەرهـەم ئەحمـەد سـاڵح) دەڵێـت: (... هێنـدێ زینـدانییان بـەژووری زینـدان دا کـرد، یەکێکیان بەناوی بەرهەم ئەحمەد ساڵح بوو، باڵا بەرزی قژ شـامپۆکراوی درێـژ لەسـەر شـانی، زیندانییـە سیاسـیەکان پێیـان دەگـوت (دیـسکۆ)، زۆر لەزیندانیەکان دەیانناسی، دەیانگوت ئەمە بەعسیەو خۆتانی لێ بپارێزن.. دوای چەند ڕۆژێك بەبێ ئەوەی یەك پەنجەی لێ بدەن بەموافەقەی دەزگای موخابەراتی

سلێمانی ئازادکرا.. لەدواییدا ڕژێم ناردی بۆ لەندەن بەناوی خوێندن و خزمـــەت کردن بە بەعس...).

ئەم بۆچوونانەی کاك (سابیر) دەمانخاتە بەردەم چەند پرسیارو وەڵامێکەوە،.. کاك سابیر لەڕێی وەسف کردنی (بەرهەم ساڵح)دا، دەیەوێت ئەوەمان پێ بسەلمێنێت کە (بەرهەم) کابرایەکی هیچ لەبارا نەبووە بووەو ئێستاکە کراوەتە سەرۆك وەزیران..

- قژ درێژیو شامپۆکراوی بەخەوش بـۆ (بەرهــەم) ناگەڕێتــەوە، چـونکە ئـەو گەنجێکی خوێندکاری شارنشین بووەو ئەو کاتە تەمەنی لەنێوان (٢٠-٢٣) ساڵێکدا بووە، ئەو سیمایانە، هیچ لەهەڵوێست و کەسایەتی مرۆڤ ناگۆڕێت.

- کاك (سابیر) چۆن دەزانێت پەنجەیان لێ نەداوە؟! دیـارە هــەر کەسـێك کـە لەعێراقدا ژیابێت و، ئەگەر بۆ بچووکترین لێپرسینەوەش، بانگی دەزگـای ئـەمن و ئیستخبارات کرابێت، ئەوە تووشی ئەشـکەنجەو لێـدان بـووەو دواتـر بـەدرۆ داوای لێبووردنیان لێ کردووە.

- ئازادکردنیشی هیچ ئەوە ناگەیەنێت، پەیوەندی بە ڕژێمەوە هەبووبێت، ئەگەر بەڵگەیەکی ڕەسمی لەبەر دەستتدا نەبێت.. چـونکە لـەماوەی ڕژێمـی (سـەدام)دا، بەهەزاران کەس لەژووری لەسێدارەدان بووینە کەچی بــەر لێبوردنێـك کـەوتوون و ئازاد کراون.. وەك چۆن کاك (سابیر)و دەیان لێپرسراوی تری کورد بەر ئەو لێبوردنە کەوتوون. مەسەلەی ناردنە دەرەوەش، پەیوەندی بەوەوە نەبووە گوایە تێکەڵاوی لەگەڵ بەعس هەبووە. چونکە تاپێش هەڵگیرساندنی شەڕی (عێراق- ئێران)یش، خەڵکی هەبووە دەیانتوانی سەفەری دەرەوە بکەن جا بۆ هەر مەبەستێك بووبێت. بێجگە لەو شتانەش، خۆ (بەرهەم ساڵح)، هیچ کاتێـك _مـستەشار، ئامیرمــەفرەزە، ئــەمن، ئیستیخبارات، داردەسـتی ڕژێـم) نــەبووە.. ئەگــەر وانییــە بۆچـی کـاك (سـابیر)

بەڵگەنامەکان ناخاتە ڕوو... پێچەوانەی ئەو قسانەی کاک سابیر، (د.بەرهەم)، گەنجێکی پڕ لەجوولەو متەوازع و بەجورئەت و سیاسەت مەدارێکی مۆدێرن و دیپلۆمات کارێکی نەوەی تازەی کوردە. چاوەڕوانی شتی گەورەو زێتری لێدەکرێت. ئەو یەکەم سیاسەتمەداری کوردە بەجورئەت و ڕاشکاوییەوە دەربارەی ڕووداوەکان، هەڵوێست وەربگرێت..

ڕۆژی ٣/٥/٢٠٠٣، لەسەردانێکی بۆ (قاهیرە)، چاوی بە (عەمرو موسا)ی سەرۆکی (زانکۆی عەرەبی)و (ئەحمەد ماهیر)ی وەزیری دەرەوەی میسر کەوت.. لەلێدوانێکی ڕۆژنامەگەرییدا بەئامادەبوونی (عەمرو موسا)، د.بەرهەم گوتی: (... زانکۆی عەرەبیو وڵاتە عەرەبییەکان، ڕۆڵێکی زۆر خراپ و نێگەتیفیان گێڕاوە، چونکە بەهەموو شێوەیەك، یارمەتی مانەوەی ڕژێمیان داوەو پشتیان لەگەلانی عێراق کردووە... هەروەها گوتی، گەلانی عێراق ئەو هەڵوێستە خراپەیان لەیاد ناچێت.. پێویستە زانکۆی عەرەبی داوای لێبووردن لەگەلانی عێراق بکات و سەرکۆنەی خۆی بکات..). جگە لەوەش سەرکۆنەی شەقام و ڕاگەیاندنی عەرەبی کرد... ئەو داخۆیانەی (د.بەرهەم) لەلایەن ڕۆژنامەو کەناڵە ئاسمانیەکانی عەرەبی مایەی گرنگی پێدان بوون و هەر زوو بڵاوکرایەوە.

ئەو هەڵوێستەی (د.بەرهەم)، لەکاتێکدا دێت کە زۆربەی هەرە زۆری سیاسەتمەدارو سەرکردەکانی کورد، کاتێك کەدەچنە وڵاتێکی عەرەبی لەبەر مجامەلەو دڵ ڕاگرتن، کێشە سەرەکیەکانیان لەبیر دەچێت و لەعەرەبەکان نەتەوەیی تر دەبن... برایەتی کوردو عەرەب وانیشان دەدەن کە گوایە هیچ کەلەبەرو درزێکی تێ نەکەوتووە...

* كاك (سابیر) لەلاپەڕە (٣٦٨)دا، پاش لەبار بردنی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٧٥دا، تێکدانی تەواوی گوندە سنوورییەکان و، سووتاندنی ڕەزو باخ و کێڵگەکانی کوردستان، لەلایەن ڕژێمەوە، بە بەرز دەنرخێنێت و پێی وایە:

- ڕژێم پارەیەکی زۆری وەك قەرەبوو داوەتە خەڵکی کوردستان و ئابووری کوردستانی پێ بووژاوەتەوە!!

- جووتیارەکان، لەشارەکان و کۆمەڵگای شارستانی نزیك بوونەو سوودیان وەرگرتووە.

- ڕژێم بەسەدان پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری لەکوردستان کردۆتەوە.

ئەو قسانەی کاك (سابیر) لەکاتێکدا دێن، کەهیچ سیاسەتمەدارو ڕوناکبیرو کەسایەتییەکی کورد یان عێراقی دانی خێری بەم پرۆسە کاولکارییە نەنانەوە، جگە لەکاك سابیر نەبێت.. ئەوە کاتی خۆشی، ڕژێم بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە ئەو بیانووانەی کاك (سابیر)ی دەهێنایەوە.

بەهۆی ئەو ڕاگوازتن و کاولکارییە، هەزاران هاووڵاتی کورد لەکارو کاسبی بوو.. دەیان نەخۆشی کۆمەڵایەتیو دیاردەی لێکترازانی خێزان و لەشفرۆشی لێکەوتەوە. دەزگا سیخوڕییەکانی ڕژێم، زۆر کەسی لێهاتووی کوردیان لەخشتە بردوو دزەیان کردە ناو کۆمەڵگای کورد.

ئەو پاکانانەی کاك (سابیر)، بۆ کردەوەکانی ڕژێم لەکوردستاندا، لەهیچ کوردێك ناوەشێتەوە... تائێستاکەش، جگە لەبەعس و زوڕنا ژەنەکانی نەبێت، لەکەسێکی تر نەبیستراوە.

* کاك (سابیر) لەلاپەڕە (٣٧١)دا، ئەوەندە باسی خێرو بێری ڕژێم دوای ١٩٧٥ بۆ کوردستان دەکات و مۆری ناڕەوایەتی لەنێو چەوانی هەڵگیرساندنی شۆڕشی

نوێی گەلەکەمان دەدات.. ناوبراو پێی وایە، ئەگەر (کۆمەڵە) شۆڕشی نەکردبووایە، ئەوا ڕژێم زۆر زێتر (خزمەتگوزاریو ئاوەدانیو بەختیاری!!) بۆ کوردستان دەهێنا.

هەقمانە لەکاک (سابیر) بپرسین، ئایا هەر بەتەنها کۆمەڵە بڕیاری هەڵگیرساندنی شۆڕشی دا؟! بەپێچەوانەوە، جگە لەکۆمەڵە، (بزووتنەوەی دیموکراتی سوسیالیستی کوردستان) و دواتریش، (سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان)یش هەمان بڕیاریان داو، مەفرەزە سەرەتاییەکانیان ناردەوە شەخەکانی کوردستان. کەواتە، هەر ینک و بەتایبەتیش (کۆمەڵە)، بەرپرس نین لەهەڵگیرساندن و بەرپاکردنی شۆڕش... واتە بەرەنجامەکەی بەچاك و خراپیەوە بۆ زۆربەی باڵەکانی بزووتنەوەی کورد دەگەڕێتەوەو هەموویان لێی بەرپرسیارن.. کاك سابیر لەم بوارەشدا دەیەوێت (ینك) و شەخسی تاڵەبانی تاوانبار بکات.

* کاك (سابیر) لەلاپەڕە (١٣٨)دا دەڵێت: (.... بروسکەیەکمان بەهۆی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە ١٩٨٣/٣/٢٣دا ئاڕاستەکرا..). کەچی ئەو کاتە ناوی ئیستگەکە (دەنگی شۆڕشی عێراق) بوو و لەئەیلولی ١٩٨٣ ناوەکەی بووە (دەنگی گەلی کوردستان)[1].

کتێبەکەی کاك (سابیر) زێتر هەڵدەگرێ لەسەری بنووسریو تیشکی بخرێتە سەر، بەڵام من لەبەر کەمی کات و، نەبوونی سەرچاوەو، ئاگادار نەبوون لەبەشێکی تری ڕووداوەکان و، وێڕای دووبارە نەبوونەوەی بۆچوونەکان، بەوەندە واز دەهێنم... پێم وایە

---

١-سادینا، مێژوو بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) ١٩٧٥-١٩٩١، ئازاد خانەقینی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠، ل١٦٨.

خەڵکێکی تر، بەتایبەتیش –ئەوانەی لەناو ڕووداوەکاندا ژیاون- زێتریان پێیەوە دەتوانن هەڵوەستە بکەن و بۆچوونەکان بخەنە بەر تیشکی ڕاستیو لێوردبوونەوە.

لەئەنجامی ئەو کورتە نووسینەمدا، دەمەوێت ئەوە بڵێم:

١-ڕووی پرسیارمان ئاڕاستەی کاك سابیر دەکەین و پێی دەڵێین: بۆچی لەگەرمەی ڕووداوەکانی وەك، ئەنفال و هەڵەبجەو شەڕی براکوژیو لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك و... هیچ جۆرە هەڵوێستێکت نەبووە؟! بۆچی لەو کاتانەدا، لەگەڵ ڕووداوەکاندا بوویت و، ڕەوایەتیت بەخۆتان داوەو هەوڵی ئەوەشت داوە خەڵکیش ئیقناع بکەیت؟! بۆچی تا ١٩٩٨ وەك لێپرسراوی (ینك) لەیۆنانستان هیچ جۆرە هەڵوێستێکت نەنواندووە؟! مادام (ینك) تاوانبار دەکەیت، بۆچی چەند سەرکردایەتییەکی دیاری شەڕی براکوژی ناو (ینك) تاوانبار ناکەیت و لەگوڵ کالێتریان پێ ناڵێیو هەر جەلال تالەبانی دەخەیتە ناو قەفەزی تاوانەوە؟! بەشێکی باشیش بەر لێپرسراوەکانی تر دەکەوێت، کەدەنگ و سەنگی تایبەتیان هەبووە لەبڕیارەکان دا. مادام ئەو هەموو ڕاستییەت دەزانی، بۆچی خەڵکت چەواشە دەکرد؟!

لەخوێندنەوەی تەواوی کتێبەکەتدا، من دەگەمە ئەو قەناعەتە: تۆ پاش لەدەست دانی مەسئولیەت و بە پەراوێز کردنت لەلایەن (ینك)ەوە، ئەو هەموو بۆچوونەت کۆکردۆتەوەو بەسەر (ینك) و کەسایەتی یەکەمت داڕژاندووە.. یان بەشێوەیەکی تر، ینك، هیچ پایەو مەوقیعێکی پێ نەداوی، لەداخان کوڵی دڵی خۆت داڕشتووەو دەتەوێ خەڵکیشی پێ چەواشە بکەیت... بەشێکی ئەوش، لەزووەکەوە هەستیان پێ کردووە، بەڵام ئەوەی تۆ لەمونتەڵەقێکی ترەوەیە...

٢-هەروەك لەسەروە گوتوومە، من ڕۆژێك لەڕۆژان (ینك) نەبوویمەو (ینك)یش نیم، هیوادارم بۆچوونەكانی من بەلایەنگیری لە (ینك) لێك نەدەیتەوە.

٣-لەبەشی دووەمی كتێبەكەتدا، ڕەچاوی مەوزوعیەت و بنەماكانی یاداشت نووسین بكەیت و زاڵ بیت بەسەر كەف و كوڵی سۆزو ڕق و كینەی لەدەست دانی پایەو مەوقعیەت.

٤-ئەمڕۆ، ڕۆژی خەباتكردنی سیاسییە، بەرێژەیەكی زۆر كاتی شەڕی شاخ و گرتن و لەدەست دانی ئەم گردو ئەو گرد بەسەرچووە... هاتنە ئارای ئەم دەرفەتە، پێویستی بە خەڵكێكی ترە بۆ هەڵسوڕاندنی كارو بارە سیاسییەكان.. كە ئەمە دەڵێم، نابێت مێژووی پڕ لەسەروەری خەباتگێڕانی شاخ و ڕۆژە سەختەكان بەهەند هەڵنەگیرێت و فەرامۆش بكرێن.. ئەمڕۆ كوردستان، پێویستی بەخەڵكی خاوەن شەهادەو ئیداریو دیپلۆمات كار هەیە.

٥-بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ، لەرێگای هێرش كردنە سەر ینك و سەركردەكانیەوە، كاك سابیر بەرگری لەڕژێم و پاكانە بۆ كردەوە دڕندەكانی دەكات.

لەكۆتاییدا، حەزم نەدەكرد ئەو یاداشتە بەو شێوەیە بخوێنمەوە، كەخوێندمەوەش، ئەو بۆچوونانە دروست بوون، كەپێم وایە ڕاستن و نابێت كاك (سابیر) دڵگران ببێت...

# لەپەراوێزی
# (بیرەوەرییەکانم)ی بانیخێڵانیدا:
# هەڵەو کارەسات... پەند وەرگرتن...
# دووبارە نەبوونەوە...

مێژوو، یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی، ناسینەوەو بەپێوە وەستانی هەر میللەتێك. میللەتی بێ مێژوو و بێ کەلتوور، بێ ناسنامەیەو مەترسی لەناوچوونی پترە لەمانی... بۆ نووسینەوەی مێژووش، کۆمەڵێك سەرچاوە لەبەر دەستن، بۆ تۆکمە کردن و بەزانستی کردنی یەکێك لەو سەرچاوە گرنگانە، بیرەوەریو یاداشت نووسینە... (... قسەی سەر زارەکی، یەکێك کەخۆی شاهید عەیانی ڕووداو یان زەمەنەکە بووبێ، دەکرێ بکرێتە سەرچاوەی مێژوویی)[1].

---


١ –مێژوونووسی گەورەی عەرەب (د.نیکۆلا زیادە) لەبەرنامەی (الاشراقات)ی کەناڵی (الجزیرە)ی ئاسمانی لە ٢٨/٢/٢٠٠٢ لەگفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا ئەمەی سەلماند.

ڕێکخراوو پارتە سیاسیەکانی کوردو پەلە دیموکراتییەکانی عێراقی، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەمێژووی تازەی گەلەکەمان بە پۆزەتیف و نەگەتیفەوە.. لەم دە ساڵەی دواییشدا، یاداشت نووسین وەك بوو بێتە دیاردەیەکی مۆدێل ئامێز، کتێبخانەو مێژووی کوردییان دەوڵەمەند کردووە... وەلێ ئەوەی تێبینی دەکری و بەزەقی خۆی دەنوێنێ، زۆر شێواندن و دەستکاریو تیف تیفەکاری تێدا کراوە، کە هەق نیە، بەم شێوەیە، یاداشتەکان تۆمار بکرێن.. چ جای مێژوویەکی نزیکی (۲۰-۳۰) ساڵ لەمەوبەر کەشاهید عەیانەکان و پاڵەوانەکان، بەشێکی زۆریان لەژیاندا ماون، جگە لەبەڵگەنامەی ڕەسمیو نامەو ئەرشیف و بلاوکراوەی ئەوێ سەردەمان... لەگەڵ ئەم کەم و کورتیو بێ تەنگیو بەخۆ هەڵگوتنانەشدا بەدڵنیاییەوە دەڵێم، خاوەنی یاداشتەکان شتێکی چاکیان کردووەو زۆر نهێنی شاراوەیان ئاشکرا کردووە.. ئەو سەربوردەو بیرەوەرییانە، بۆ ئەوەیە کەپەند لەڕووداوو کارەساتەکان وەربگرین و لەژیانی ڕۆژانەو ئاییندەماندا دووبارەیان نەکەینەوە... ئەگەر وامان نەکرد، چش لەیاداشت و بیرەوەریو مێژوو..

(ئەحمەد بانیخێلانی)، یەکێکە لەکەسایەتیە ناسراوەکانی کوردو بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقی، زێتر لەنیو سەدە لەخەبات و تێکۆشان و هەڵبەزو دابەزیندا بووە، جگەر گۆشەو هاوسەری ژیانی لەم ڕێگایەدا، گیانیان بەخت کردووە... بەتایبەتیش کۆچی پڕ لەتراژیدیای هاوسەرەکەی کەنموونەی سەدان قوربانی تری خێزانی کوردە... بڕوا ناکەم کەسێك هەبێت، لەکاتی خوێندنەوەی (بیرەوەرییەکانم)دا، ئەم ڕووداوە نەیهەژاندبیو چەند ساتێك لەگەڵیدا نەژیابێ..

(بیرەوەرییەکانم)، کتێبێکی قەبارە مام ناوەندی (٦٠٨) لاپەڕەیەو لە (ستۆکهۆڵم)ی پایتەختی ولاتی سوید لەساڵی ۱۹۹۷دا، چاپکراوە.. بانیخێلانی، بەم

کارەی -ئەگەر هەمووشی نەبێ- زۆر کاری نهێنیی‌و ژێر بەرەی خستۆتە سەر بەرەو گرێی دەروونی کردۆتەوە... کەحەق وایە، کەسایەتیە دیارەکانی تریش ئەم هەنگاوە بنێن و سووچ و کەلەبەرە تاریکەکانی تری خەباتی سەختی کوردایەتی ڕۆشن بکەنەوە... بەکورتیی‌و بەکوردی، وێڕای کۆمەڵێك سەرنج و تێبینیی‌و بۆچوونم بۆ ئەم




کتێبە، کە لەم خاڵانەدا کورتی دەکەمەوە، ئەوەندە دەهێنێ دەستخۆشیی‌و پیرۆزبایی لێ بکەین و کتێبەکەی بەهەند هەڵبگرین، نووسینی ئەم سەرنجانەش، نیشانەی بەتەنگەوە هاتن و بەهەند هەڵگرتن و بایەخدانە بەم هەوڵەی کاکی (بانیخێلانی)....

## یەکەم: بەخۆ هەڵگوتن و خۆ پەسەند کردن:

ئەم دیاردەیە لای زۆربەی یاداشت نووسە کوردەکان بەدی دەکرێ، ئەوەندە لایەنە ئیجابییەکان گەورە دەکەن، کە خوێنەر دەخاتە بەردەم دووڕییانی گومان و دڵەڕاوکیوە، نیو هێندە، باسی نشوستیی‌و کورتبینیی‌و کەم و کوڕییەکانی خۆیان ناکەن، کە ئەمەش دوورە لەپرەنسیپەکانی یاداشت نووسین و دەبێتە هوڕێنەو خەیاڵ پلاوی.. (بانیخێلانی)ش تووشی ئەم دەردە بووەو لەزۆربەی ڕووداوو لاپەڕەکاندا خوێنەری وریا

بەئاسانی درك بەم ڕاستییە دەكات. هەر بۆ نموونە، دوو سێ سـاڵ پـێش شۆڕشـی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ كاتێك كەڕژێمی پاشایەتی دووری خستبۆوە بۆ باشـووری عێراق و لەشارۆچكەی (قلعة صالح)دا، دەست بەسەر بووە، وەك خۆشی دەڵـێ: (... ئەو ماوەیە هیچ پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆم بەحزبەوە نەبوو.. ل١٤٥ بیرەوەرییەكانم). كەچی لەشارێكی (٣٠) هەزار كەسی وەك (قلعه صالح)دا، لەكاتی بـەرپا بـوونی شۆڕشی چواردەی تەموزدا، بانیخێلانی دەڵێ: (... لەسەر ئـەوە ڕێككـەوتین ئـەوان خۆپیشاندانەكە ساز بكەن و من بچم قسەیان بـۆ بكـەم.... ل١٥٨). ئەمـە ئـەوە دەگەیەنێ، كـەحزبی شـیوعی عێراقـی لەباشـووری عێراقـدا، هـیچ بنكەیـەكی جەماوەریو ڕێكخراوەییان نەبوو بێ، دەنا لەم هەموو عەرەبـە یـەكێك نـەبووە ڕێ نیشاندەرو سەرپەرشتییان بكات و ناچار بووبن (بانیخێلانی) بكەنە گوتار خوێن و هاندەرو دینەمۆی خۆ پیشاندانەكەیان، جگە لەوەش ووتارە عەرەبییەكـەی جێگـای سەرنج و سەرسوڕمانی جەماوەرەكە بووەو ڕێنوێنییەكانیـشی لـە (عیمـارە)شـدا، سوودی لێ بینراوە، لەبواری ڕێكخستن و كاری جەماوەریدا...

## دووەم: مێژووی ڕووداوەكان:

زۆربەی هەرە زۆری ڕووداوو كارەسات و گێڕانەوەكان بـێ بەڵگـەو بـێ مێـژووی دروستن... ئەوە پێچەوانەی هەر سێ بەرگەكەی كتێبی، (چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی كورد -فاتح ڕەسوڵ)ە. وێڕای ئەوەش زۆربەی ڕووداوەكان پاش و پـێش كراون لـەڕووی زەمەنـەوە... (بـانیخێلانی)، باسـی ڕووداوێـك دەكـات، لـەهیكرا دەمانگێڕێتەوە بۆ دواوەو شیرازەی بیری خوێنـەر دەپـچڕێنێ... بـۆ نموونـە لەلاپـەڕە (٤٥٤)دا باسی گیرانەكەی خۆیو كاك كەریم ئەحمەد دەكات لەلایەن یەكێتییەوە، كە لەڕۆژە سەرەتاییەكانی ئایاری ١٩٨٣دا بووە، یەكسەر هەر یەك لاپەڕە دوای ئەوە لەلاپەڕە (٤٥٥)دا دەگەڕێتەوە سەر شـەهید بـوونی پۆلێـك كـادیرو پێـشمەرگەی

سوسیالیست بەسەرکردایەتی (تاهیری عەلی والی) کە لە ٢/١٢/١٩٨٢ دا، لەکارەساتی بەفرو زریاندا، لەبناری قەندیلدا، شەهید بوون.

## سێیەم: ووشەی شەهیدو چەکدار:

بانیخێلانی لەبەشی هەرە زۆری بیرەوەرییەکانیدا، کە دەگاتە -شەڕی ناوخۆ بەهەموو زەمەنەکانیەوە- لایەنی دووەم -دژ- بەچەکدار ناو دەباو خۆیان بەپێشمەرگە.. کە لەگۆڕەپانی شەڕو پێکدادانیش دا، گیان لەدەست دەدەن، قوربانیەکانی خۆیان بەشەهیدو لایەنە بەرامبەرەکەش بەکوژراو ناو دەبات... دیارە -ئەگەر هەمووشی نەبێت- ئەوە بەشی هەرە زۆری پارت و ڕێکخراوەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان (١٩٧٦-١٩٩١)، لایەنی بەرگری کەرو دوژمن بە ڕژێم بوون.. ناکۆکیە ناوخۆییەکان هی ئەوە نەبوون، ناسنامەی نیشتمان پەروەریو نیشتمان فرۆشی لەیەکێك بسەنرێتەوەو بەیەکێکی تر بدرێ.. ئەم بۆچوونە چەوتانە تەنها لەڕوانگەی لایەنە شەڕکەرەکان، سەرچاوەی گرتووە، دەنا خەڵکی کورد بەگشتی بەچاوی ڕێزەوە سەیری مێژووی پڕ لەخەباتی تەواوی لایەنەکانی بەرهەڵستکار دەکات لەگەڵ هەموو کەم و کورییەکانیشیان... جگە لەوەش، لایەنە شەڕەکەرەکان، پاش ئەوەی لەیەکەم دانیشتندا دەگەن بەیەك و ئاشتی دێتە گۆڕێ هەردوولا دەبنە پێشمەرگەو شۆڕشگێڕو قوربانیەکانیش دەبنە شەهید... نەدەبوو بانیخێلانی، پاش ئەم هەموو ئەزموون و تەمەنە تووشی ئەم مەفهومە هەلانە بێت..

## چوارەم: کورتکردنەوەو درێژەدان:

لەزۆربەی ڕووداوەکاندا، لەشوێنی پێویست کورت بڕی کردووەو لەشوێنی ناپێویست درێژەی بەبیرەوەرییەکان داوە، کەهی ئەوە نەبوون خوێنەر کاتی خۆی پێ بەفیڕۆ بدات. بۆ نموونە لەباسی (بەرەی نێوان حزبی شیوعیو بەعس- لەتەموزی ١٩٧٣)دا، بەچوار لاپەڕە باسی ئەم قۆناغە دەکات، کە قۆناغێکی زۆر گرنگ و پڕ

لەڕووداو بوو، دەبوا زێتر لەسەری بنووسیبایە، چونکە بەهەقیقەت، ئەم قۆناغە مێژووییە بۆ هەموو مێژوو نووس و ڕۆشنبیرێکی کوردو غەیرە کورد، مایەی بەهەند هەڵگرتنە... لەم سێ چوار لاپەڕەیەش، زۆر ڕووداوی لاوەکیو ناپێویستی باسکردووە، وەك گفتوگۆی (ڕێواس)ی کچیو کاك (عەزیز محەمەد) و ژیانی خۆیو (أبو عامل) لەبەغداو چۆنیەتی ژیانو چێشت لێنان و تەشریب خواردن!!! و باسکردنی هەولێر...

کەچی لەباسی ژیانی تایبەتی خۆیدا (٣٨) لاپەڕەی باسکردووە.. نیو هێندەش باسی (بەرە)کەی بکردایە هێشتا لەگێن بوو... هەروەها بەهیچ چەشنێك باسی ئەو هەڵانەی حزبەکەی خۆی ناکات لەکاتی ڕاوەدوونانی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەگرت دانی کەس و کارەکانیان... ئەو کاتی، دیاردەیەکی وا هەبوو، هەر پێشمەرگەیەکی پارتی کەشیوعیەکان، بیانگرتایە بێ سیو دوو پاش ماوەیەك مانەوە لەزیندان، دواتر لەسێدارە دەدرا... جگە لەوەش، چەکدارەکانیان ڕۆژانە لەماوەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ١٩٧٤دا، بەدێهاتەکاندا دەگەڕان و ڕاوی ئەو تاك و تەرا پێشمەرگانەیان دەکرد کە بەئیجازەو بەدزی لەناو ماڵ و منداڵی خۆیاندا بوون... بانیخێلانی، لەم ڕووداوانە ڕادەکات و تۆماریان ناکات، چونکە لەبۆ پەزی زیانی هەیە....

## پێنجەم: شەڕی هەندرێن ١٩٦٦/٦/١٢:

ئەم شەڕە، یەکێك بوو لەنەبەردیە هەرە دیارەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە تای تەرازووی هێزەکانی بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوەی کورد گۆڕی.. حکومەتی (عەبدولڕەحمان بەزاز)ی ناچار کرد کە پەنا بەرێتە بەر گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا، وەك (بانیخێلانی)ش لەلاپەڕە ٢٥٨ دا، دانی پێداناوە... بەڵام ئەم نەبەردیە مەزنە تەنها دوو لاپەڕەو نیوی لەسەر نووسراوەو بەهیچ شێوەیەکیش باسی ڕۆڵی سەرەکی پێشمەرگەکانی پارتی ناکات... خوێنەر وا هەست دەکات ئەو شەڕە گەورەو

فراوانە، تەنها شیوعیەکان ئەنجامیان داوەو دوو شەهیدیان بەخشیوە.. کەچی لەڕاستیدا وانەبووە، ڕاستە شیوعیەکان بەشدارییان لەم شەڕەدا هەبووە، بەڵام ئەوە نەبووە، نکۆڵی لەڕۆڵی بەرچاوی پارتی بکری‌و ڕووداوەکان بەچەواشەییەوە بخرێنە ڕوو... لەم شەڕەدا، چوار بەتالیۆنی پارتی تێیدا بەشدار بوو کەخۆی لە (١٠) لقی پێشمەرگەدا بەرجەستە دەکرد...

ئەم ڕاستییە، لەبیرەوەرییەکانی عەبدوڵلا پشدەری‌و کتێبەکەی کاك (مەسعود بارزانی)دا باسکراوە... جگە لەوەش ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی (دکتۆر گوینتەر دێشنەر) لەکتێبەکەیدا، (کورد: گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو)دا، بەم شێوەیە باسی ئەم شەڕە دەکات: (... پشدەری —مەبەست لەعەبدوڵلا پشدەرییە- هێزێکی (٣٥٠٠) سێ هەزارو پێنج سەد کەسی خڕ کردەوە، کەعێراقیەکان بەهێزێکی بیست هەزار کەسییەوەو پاش بۆردومانێکی چڕو پڕ هێرشیان دەستپێکرد، کوردەکان زۆر بەتوندی بەرپەچیان دانەوە، بەرپەرچدانەوەیەك کە لەئەقڵ دا نەبوو.. ڕەوشەکە بوو بەکارەساتێکی ئاڵۆزکاو. شەڕ لەهەموو قۆڵەکانەوە گەرم بوو، لە ٤/٥/ تا ١٠/٥/١٩٦٦ بەردەوام بوو.. پشدەری ژمارەی کوژراوانی هێزی عێراقی بە (١٨٠٠) هەزارو هەشت سەد کەس مەزەندە کردووە. هێزی پێشمەرگە جوابیان بۆ هەیڤی سووری عێراقی نارد کە خەڵکانێك بنێرن بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ٥٠٠ سەربازە عێراقییەی کە بەزامداری یەخسیر بوون.. کورد ئەم سەرکەوتنە مەزنەیان بەنرخێکی کەم بەدەست هێنا پەنجاو دوو شەهیدو سەدو سی بریندار.)[1].

(بانیخێلانی)، تەنها باسی ئەو دوو شەهیدەی خۆیانی کردووە، چاوی بەرایی نەداوە ئەم سەرکەوتنە مەزنەو ڕۆڵی بەرچاوی پارتی بخاتە ڕوو ئەم سەرکەوتنە،

---

١—د.گوینتەر دێشنەر، کورد: گەلی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو، گۆڕینی بۆ کوردی: حەمەکەریم عارف، هەولێر، چاپی دووەم، ١٩٩٩، ل٢١٠-٢١١.

بەپلەی یەکەم بۆ پێشمەرگەکانی پارتی دەگەڕێتەوە، شیوعیەکان ڕۆڵیان هەبووە، بەلاّم ئەوە نەبووە کە بانیخێلاّنی باسی دەکات... ئەگەر جورئەتی دەکرد دەبوو سەرژمێرییەکی تەواوی پێشمەرگەو هێزی ڕژێم و زیان و دەستکەوتەکانی بکردایە...

## شەشەم: شەڕی ئاشقولکەو پشتئاشان ئایاری ١٩٨٣:

لەباسکردنی ئەم ڕووداوەدا، شەیەکە لەسەری پێشمەرگەکانی سۆسیالیست و پاسۆك و بەدەنگەوە نەهاتنی پارتی دەشکێنیو دەڵێ، (... برادەرانی سۆسیالیست مقاوەمەیان پێ نەکرابوو پاش نیوەڕۆی دووی ئایار بنکەکانی سوسیالیست و پاسۆکیان گرت... ل٤٦٦). کەچی بەخۆی لەچەندان شوێن دەڵێ: (.. کەم و کوڕی ئێمە ئەوە بوو کە بەشی زۆری ئەو نزیکەی ٣٠٠ کەسەی لەپشت ئاشان هەمانبوون پێشمەرگەی شەڕکەرو بەئەزموون نەبوون.. ل٤٥٧). تا دەگاتە ئەوەی (... دەتوانم بڵێم لەپشتئاشاندا نزیکەی ٨٠ پێشمەرگەیەکی شەڕکەرمان هەبوو... ل٤٥٨). کەواتە، ئەو دانپیانانەی خۆی باشترین سەنگی مەحەکە بۆ شکستەکەی پشتئاشان... هەروەها هاوڕێو هاوخەباتێکی بانیخێلاّنی کە کاك قادر ڕەشید (ئەبو شوان)ە، لەکتێبەکەی خۆیدا، زۆر بەجورئەتانە باسی هۆکارەکانی شکستەکە دەکات و دان بەڕاستییەکاندا دەنێت و ڕەخنە لەبیرەوەری شیوعیەکان دەگرێت و دەڵێت: (بۆچی ئەو هاوڕێیانەی لێپرسراو بوون لەپشتئاشان لەبیرەوەرییەکانیاندا بە واقیعیانە بە پەرێزی ئەم ڕووداوانەدا نەچوون و لێی نەدواون؟)[1]. قادر ڕەشید لەبارەی چەندایەتیو چۆنایەتی پێشمەرگە شیوعیەکانی پشتئاشان دەڵێ: (پشتئاشان هەروەك ئۆردوگایەکی پەنابەران ئەهاتە بەرچاو، ئەو پێشمەرگەو کادرو خێزانانەی لەپشتئاشان ئەژیان ژمارەیان لە ٣٠٠ کەس پتر بوو، بەپیرو پەککەوتەو لاوەوە، بەیانیو نیوەڕۆو ئێوارە،

١–قادر ڕەشید (ئەبو شوان)، پشتئاشان لەنێوان ئازارو بێدەنگیدا، مێژووی چاپ و شوێنی دەرچوونی لەسەر نییە، لاپەڕە ٣٥.

یەك لەدوای یەك لەكاتی دیاری كراودا ڕوویان ئەكردە چێشتخانەكان، بەجل و بەرگی چڵكن و پڵكنەوە، ریش و دەم و چاوی دوكەڵاوی، بەو بەفرو سەرمایە جووتێك نەعل بەسەر پێوە، خواردنەكانیان وەرئەگرت و ئەگەڕانەوە بۆ ژوورەكانیان..)[1].

هەروەها (سەید كاكە)ش لەم بارەیەوە دەڵێ: (... حشع پارەو فیشەكی زۆریان هەبوو داوامان لێكردن بۆ ئەو شەڕە كە بەرگری بوو بۆ هەردوو لایەن نەیاندایني، هەوڵماندا قەڵاتۆكان بگرن دوایان خست، هێزێكی سەربازی باشیان لەڕەزگە هەبوو نەیانهێنابوو بۆ ئەم شەڕە... قەندیل ٣كم لەپشت بارەگاكانیانەوە بوو پشتیان نەگیرابوو خۆیان پێ ڕزگار نەكرا...)[2].

هەروەها بانیخێلانی لەلاپەڕە (٤٥٢)دا دەڵێ: (لە ١٩٨٣/٢/٢٤ لەناوچەی كۆسرەت سوسیالیست و یەكێتی پێكدا هاتن و شێخ شەماڵی یەكێتی شەهید بوو..). كەچی لەڕاستیدا هێزەكەی (جود) سوسیالیست و شیوعی بوون.. كاك (فاتح ڕەسوڵ)ی هاوڕێشی دان بەم ڕاستییەدا دەنێت و دەڵێت: (... ئێوارەی ١٩٨٣/٢/٢٤ ئەو پێشمەرگانەی حسك كە لەمەرگەوە گەیشتبوونە بنارەكە لەگەڵ ژمارەیەك لەپێشمەرگەكانی حشع لەگوندی بێستانەی دۆڵی خەلەكان، بەرێككەووت ڕوویان بەرووی ژمارەیەك لەپێشمەرگەكانی ینك دەكەوێت. یەكسەر تەقە دەست پێ دەكات لەئەنجامدا دوو كادیری ینك، شەماڵو سەربازو دوو پێشمەرگەی تر شەهید دەكرێن..)[3]. (سەید كاكە)ش، ئەم ڕاستییەی كاك (فاتح) پشت ڕاست دەكاتەوە[4].

---

١-هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤٠.
٢ – سەید كاكە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپی یەكەم، هەولێر، ١٩٩٧، لاپەڕە ٢٠٠.
٣ – فاتیح ڕەسووڵ، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی كورد، بەرگی سێیەم، سوێد، ١٩٩٤، لاپەڕە ٢٥١.
٤ – سەید كاكە، لاپەڕە ١٨٦.

بانیخێلانی، ئەم بیرەوەرییانەی تەنها بۆ شیوعیەکان نەنووسیووە، کارەکەی ئەو بووەتە موڵکی میللەت.. دەبێ لەپشت چ بەرژەوەندییەکەوە باسی بەشداربوونی خۆیانی لەم رووداوە نەکردبێ!! ئەوەی ڕوویدا، ڕۆیشت.. هەموومان دەزانین، شەڕی ناوخۆ لەبنەڕەتەوە هەڵە بووەو هەڵەشە... جا چ پێویست بەشاردنەوەی ڕاستییەکان دەکات.

## حەوتەم: حاڵەتی دیلی:

کاتێك کە لەپشتئاشان نشووست دێنن و هەوڵ دەدەن دەربازبن، کەچی دیل دەکرێن و دەکەونە دەست هێزێکی یەکێتییەوەو پاشان کەریم ئەحمەد، کت و پڕ لەگەڵ یەکێتی بەیانێکی هاوبەش دەردەکەن دەربارەی ئاشتیو ئاشتبوونەوەو شەڕ وەستاندن.. بێ سیو دوو بەندەکانی میساقی بەرەی جود پێشێل دەکات و سەرکردایەتی حزبەکەی خۆشی هەر هیچ... لەبەیانەکەدا، بەهیچ شێوەیەك، باسی گەورەترین شەڕو زۆرترین زیان ناکات کە لەپشتئاشان چەند ڕۆژێك پێش بەیانەکە ڕوویاندا بوو... جگە لەوەش، دان بەوە نانێت کە ئەگەر یەکێك دیل بوو، داخۆیان و بەیانو قسەکانی ناچنە ناو قالبێکی شەرعیو هیچ حسێبێکیان بۆ ناکرێت، جگە لەوەش کەریم ئەحمەد چۆن بەتەنیاو بێ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردایەتیو پرس و ڕا وەرگرتن، بەناوی سەرکردایەتی حزبەوە بەیان دەردەکات؟! لەکاتێکدا لەلایەن یەکێتییەوە وەك میوان مامەڵەی لەگەڵ کراوەو هیچ پاڵە پەستۆیەکی لەسەر نەبووە... (ئەبو حیکمەت)ی هاوڕێیو سەرکردەشیان ئەو ڕەخنەیان لێ دەگرێت و دەڵێت: (... ئایا دیل سەلاحیەتی بەیان دەرکردنی هەیە؟!)[1].

---

١-أبو حكمت، مذكرات يوسف حنا يوسف، أربيل، مێژووی چاپکردنی لەسەر نییە، لاپەڕە ٩٨.

هەر لەبارەی ئەم بەیانەوە (سەید کاکە)ش دەڵێ: (... من وامزانی لەسەر ئەو بەیاننامەیە کەریم ئەحمەد لەحشع دەردەکرێ کەچی خۆشەویست تر بوو)[1].

هەروەها (فاتح رەسوڵ) پێی وابووە (بەڕەوا نەدەبینرا دیل لەکاتی دیلییەتیدا، بەیاننامە لەگەڵ سەرکردایەتی هێزێکی هێرشبەری سەرکەوتوو دەربکات... ڕەوا تر ئەوە بوو، پێشەکی داوای بکردبایە بگەڕێتەوە لای هاوڕێیانی سەرکردایەتی حشع ئەو کات داوای گفتوگۆ کردن و ووتوێژ و ئاشتبوونەوە لەگەڵ ینك بکرابایە)[2].

## هەشتەم: نەخشەی کوشتنی بارزانی لەئابی ۱۹۷۱دا:

بانیخێلانی، بەناڕاستەوخۆ خۆیی‌و حزبەکەی تاوانبار دەکات دەرهەق بەم مەسەلەیە، چونکە، ئەو دەڵێ: (... ئەو شەوە –کاتی پیلانەکە- من و حەمە کەریم فتح الله لەسلێمانی بووین پیاوێکی بەعسی سەر بەپارتی ئاگاداری کردین کە ئەبێ لەشار بچنە دەرەوە چونکە بڕیارە ئەگەر نەخشەی کوشتنی بارزانی سەرکەوێ لەهەموو شارەکانی کوردستاندا (منع تجول) ئەبێ‌و هەرچی کادری پارتی هەیە ئەگیرێ. بۆیە ئێمە هەر بەو شەوە لەشار دەرچووین و سەرکەوتین بۆ سەر شاخی ئەزمڕ... ل(۳۱۱).

ئەگەر بانیخێلانی‌و حزبەکەی بەڕاستی دڵسۆزو هاوڕێی ڕاستەقینەی بارزانی بوونایە کە لەزۆر جێگادا بەبێ مناسەبەت باسی کردووە، دەبوایە، بەهەر شێوەیەك بوایە، پارتی‌و بارزانی لەم پیلانە نەگریسە ئاگادار بکاتەوە.. بانیخێلانی، قسەی پیاوە بەعسیەکەشی بەهەند هەڵگرتووە، بۆیە چوونەتە سەر شاخی ئەزمڕ لەشار دەرچووینە... بەناڕاستەوخۆ، بەپێی قسەکانی بانیخێلانی بێت، حزبی شیوعیش لەم

١ –سەید کاکە، لاپەڕە ٢٠٠.

٢ –فاتیح رەسووڵ، بەرگی سێیەم، لاپەڕە ٢٨٥،

مەسەلەیە ئاگادار بووە، چونکە، بانیخێلانی ئەوکات یەکێك بووە لەسەرکردە کاراکانی ئەم حیزبە.

## نۆیەم: مەسەلەی بەهائەدین نوری و ئەبو حیکمەت:

بەهادین نوری لەگەڵ مەلا بەختیاری یەکێتی پەیمانی ئاشتییان مۆرکردووە... کەچی ئەبو حیکمەت لەهەولێرێ —دەشتی هەولێر- شەڕی لەگەڵ ینك کردووە... هەروەها هەڵوێستی مەڵبەندی سێی بادینانیش کەخۆیان لەم بینەو بەردەیە بێ لایەن و کەڕ کردبوو... ئەوە دەلالەتی بێ هەڵوێستیو بێ هێزیو نەبوونی یەك ریزییە لەناو سەرکردایەتی شیوعیەکاندا... جگە لەوەش، ئەبو حیکمەت پرس و ڕای پێکردوون و داوای هەڵوێستی کردووە لەسەرکردایەتی، بۆ بەشداری کردنی شیوعیەکان لەهێرش کردن بۆ سەر مەڵبەندی بالیسانی یەکێتی.. کەچی بانیخێلانیو سەرکردایەتی دوو دڵ و ڕاڕا بوون و وەلامێکی ڕوون و ئاشکرایان بۆ نەنووسیوون، هێلی پاشەکشەیان رەچاو کردووە، بۆیە لەوەلامی (ئەبو حیکمەت)دا دەڵێت: (.... خۆتان سەرکردایەتی مەڵبەندی هەولێر بڕیار بدەن و کارەکە لای خۆتانە... ل٤٦١). ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە، سەرکردایەتی لەمەسەلەیەکی وا گرنگ و هەستیاردا چۆن وەلامی یەکلاکەرەوەو ڕوون ناداتەوە... قادر ڕەشید، ڕەخنەی دروستی لەسەرکردایەتی گرتووە دەربارەی ئەم بۆچوون و هەڵوێستە جیا جیایانە... کەچی بانیخێلانی هێرشێکی تەرزە کوتی کردۆتە سەر بەهادین و هیچ موبەرڕێرێك بۆ ئەو هەڵوێستە نەرمەی بەهادین ناهێنێتەوە، پێچەوانەی کاك قادر ڕەشید... بەڕای من ئەو هەموو ڕق و قینەی بانیخێلانی بۆ بەهادین، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بەهائەدین لەیاداشتەکانی خۆیدا، کەمێك هێرشی کردۆتە سەر بانیخێلانیو دڵی ڕەنجاندووە.

### دەیەم: پاشكۆیی‌و دەروێشێتی حزب بۆ سیاسەت و هەڵوێستی سۆڤیەت:

پاش ئەوەی ڕژێمی عێـراق پـەیمانی دۆسـتایەتی لەگـەڵ سـۆڤیەت لەنیـسانی ١٩٧١دا مۆركرد.. لەژێر پاڵەپەستۆی سۆڤیەتدا، حزبی شـیوعی چـووە نـاو بـەرە كارتۆنیەكەی بەعس، كـە لـەو كاتـەدا –بەقـسەی خۆیـان- زۆربـەی سـەركردە شیوعیەكان ڕازی نەبوون... لەوكاتەدا، شیوعیەكان پێیان وابـوو، بـەعس بووەتـە پارتێكی شۆڕشگێڕو پێشكەوتنخوازو لەم بوارەدا هەنگاوی باشی ناوە[1]. بەڵێ هەر لەو كاتەدا، كەشیوعیەكان بەعسیان بەشۆڕشگێڕو پێشكەوتنخواز دەزانی، بەعس درێژەی بەنەخشەو پیلانی لەناوبردنی كـوردو تـەهجیرو تـەعریب دەداو لـەپارتی‌و بارزانی كەوتبووە ملان و فڕو فێڵ، تاوەكو بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ جـێ بـەجێ نەكات.... ئەم ڕاستییانە زۆر پێشێل كاری تریش لەسەر زاری كاك (فاتح رەسـوڵ)دا هاتوون، كەخۆی یەكێك بووە لەسەركردەكانی حزبی شیوعی‌و تازە بـەتازە دان بـە دڕندەیی‌و فاشیەتی بەعس دادەنێت[2]. شیوعیەكان، ئەو كاتی كە لەگـەڵ بـەعس لەبەرەدا بوون پێ یان وابوو، پارتی‌و شۆڕشـی ئـەیلول، بزووتنەوەیـەكی چـەكداری كۆنەپەرسـتو بـەكرێ گـیراوی ئیمپریالیزمـەو گـەلی كـورد لەگـەڵ ئـەم بزووتنەوەیەدانییـە[3]، هـەروەها بـەدەیان شـاندیان دەنـاردە دەوڵەتـە بـەناو سۆسیالیستەكان، بۆ ڕسواكردنی بزووتنەوەی كوردو شۆڕشە ڕەواكەیان... نووسەری وا

---

١–أبو حكمت، لاپەڕە ١١٨.

٢–فـاتیح رەسـوڵ، لـەكاروانێكی دوورو درێـژدا، كورتـەی خـەبات و ئـەزموونی پـەنجا سـاڵ، ستۆكهۆڵم، ١٩٩٧، لاپەڕە ٢٠٧.

٣–ئەبو حیكمەت پێی وایە، لەو كاتەدا، كەشیوعیەكان بزووتنەوەكەیان بە بەكرێ گیراوو كۆنـە پەرست لەقەڵەم دەدا، لە ٩٠٪ی گەلی كورد لەگەڵ بارزانی‌و تەئیدی شۆڕشەكەیان دەكـرد.. بڕوانە: (مذكرات یوسف حنا یوسف، لاپەڕە ١٥٤).

هەیە ئۆبالّی بەشێك لە، لەباربردنی شۆڕشی ١٩٧٤ دەخاتە ملی شیوعیەکانەوە[١]، چونکە بەکردەوە بەشدارو هاوکاری بەعس بوون لەڕووی مادیو مەعنەوییەوە. بانیخێلانی، لەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا، خۆی لەقەرەی ئەم مەسەلە حەساسە نادات و بەخێرایی بەسەر ئەو ڕووداوانەدا باز دەدات.. هەق وابوو وەك شۆڕشگێڕێك پێی لەجەرگی خۆی بنابووایەو هەموو ڕاستییەکانی ڕوون بکردابووایەو دانی بەهەڵەکاندا بنابووایە... شیوعیەکان، لەو سەردەمانەی خەڵکی ڕەش و ڕووت و بنکە جەماوەرییەکەی خۆیان، بەگیانی سۆڤیەت پەرستی پەروەردە دەکرد... لەو کاتانەدا، سەرکردەکانیان بەچاوی خۆیان ئەو زوڵم و زۆرو ناهەقییەی گەلی سەردەستەی ڕووسیان بەچاوی خۆیان دەبینی دەرهەق بە نەتەوەکانی تر.. کەچی کە لەسۆڤیەت گەڕاونەتەوە، بە بەرەواژی باسی ئەو بەهەشتە خەیاڵییەیان کردووەو هانی خەڵکیان داوە، خەبات بکەن، خۆ بەکوشت بدەن، بۆ ئەوەی بگەن بەم بەهەشتە چاوەڕوانکراوە کە لەسایەی حزبی شیوعیو بەیارمەتی سۆڤیەت دێتە کایەوە... ئەوەتا (فاتح ڕەسوڵ)، پاش سەردانێکی بۆ سۆڤیەت بەڕاشکاوی هەقیقەتەکان دەخاتە ڕوو... باشە دەبێ کاك (فاتحو بانیخێلانی) و هاوڕێکانیان لەکۆبوونەوەی سەرکردایەتی حزبەکەیان ئەم ڕاستییانەیان نەدرکاندبێ، تاوەکو ئەو کەسانەی کە ئەم بەهەشتەیان نەدیووە لێی ئاگادار بکرێن؟! لەوەلامدا دەڵێم، بەدڵنیاییەوە، هەموو سەرکردەکان و کادیرە پلە دووەکانیش ئەم ڕاستییانەیان زانیووەو لەپێناو درێژە دان بەمانەوەو سیاسەتی خۆیان، ڕاستییەکانیان چەواشە کردووەو میللەتیان لەخشتە بردووە.. کاك (فاتح) دەڵێ: (... پۆلیس دەزگایەکی سەرکوت کەربوو..

---

١-ئیبراهیم جەلال، بیرەوەری بانیخێلانی یان سیاسەت و شێواندنی ڕاستی، سەکۆ، ژمارە (٢٠)، بەرلین، حوزەیرانی ١٩٩٨، لاپەڕە (٨).

ئەوەی شیوعی نەبوایە کاری دەست نەدەکەوت... ئامێرو کەرەستە پیشەسازیەکان زۆر کۆن و هی سەردەمی جەنگی دووەم بوون... خواردەمەنی زۆر کەم بوو... بەرتیل و ڕەشوە بەشێوەیەکی فراوان بڵاوببۆوە... ڕەخنە گرتن نەبوو، یان گوێی پێ نەدەدرا... بازاڕی ڕەش و قاچاغی بەفراوانی بڵاو ببۆوە... میدیای رووسی شەوو ڕۆژ بەبالای دەوڵەتی داهەڵدەگوت... رووسەکان، هەموو شتێك بوون بەچاوی سووك و کەمنرخیەوە ڕەفتاریان لەگەڵ نەتەوەکانی تردا دەکرد... دادپەروەری و یەکسانی لەکایەدا نەبوو... هتد)[1].

هەرچەندە ئەم دان پیانانەی شیوعیەکان لەکاتی خۆیدا نەبووە، تا هەرەس هێنانی سۆڤیەت ئەوە وەك نهێنییەکی پیرۆز لەلایان بووە، بەڵام هەر چۆنێك بێت، داننان بەڕاستی و خستنەڕووی هەڵەکان نیشانەی جورئەت و شۆڕشگێڕییە. بانیخێلانی پێچەوانەی کاك (فاتح) ئەم هەڵانە دەست نیشان ناکات و لەباسی سۆڤیەتی جاران دا بەکورتی بەسەریاندا باز دەدات.. جگە لەوەش، شیوعیەکان هەردەم لەگشت قۆناغەکان، لەدڵەوە، (بەدرێژایی خەباتی بێ ووچانیان دژی ڕژێمی پاشایەتی عێراق، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان بەکۆسپی سەر ڕێگەی خەباتی چینایەتی زانیوەو بەخیانەتی وردە بۆرژوایان لەقەڵەم داوە دەرهەق بەشۆڕشی جیهانی..)[2]. کەچی بانیخێلانی پێ لەم ڕاستیانە نانێت و وەك چۆن بووە نایان خاتە ڕوو...

لەم (٦٠٨) لاپەڕەیە، بانیخێلانی، تەنها هەڵسەنگاندنێکی کورتی یەك لاپەڕەیی لەلاپەڕە (٥٧٩)دا کردووەو ڕەخنە لەخۆیان دەگرێ، دەربارەی دەروێشی و پابەند بوون

---

١-فاتیح ڕەسووڵ، لەکاروانێکی دوورو درێژدا، لاپەڕە ١٩٨- ٢١٠.

٢-د.گوینتەر دێشنەر، لاپەڕە ١٧٦.

بەسۆڤیەت.. دواتر جامی ڕق و قینی خۆی دەڕژێنێتە سەر هەردوو حزبی یـەکێتیو پارتی، گوایا لەپاش ڕاپەڕینەوە چییان بۆ کورد نەکردووەو ئـەوان هۆکـار بوویـنـە، خەڵکی تر نەگاتە کورسیو دەسەلاّت و زۆر هۆکاری تر... دەڵێم خۆزگە بانیخێلاّنی، چۆن بەچاویلکەی زەرەبین سەیری کەم و کورتییەکانی ئەم دوو لایەنە دەکـات، نیـو هێندەش باسی هەڵەو نـشووستییەکانی خۆیـانی دەکـرد... ئـەوجا بیرەوەرییـەکانی سەنگێکی تریان دەبوو و لەئاقاری بۆچوونی کەسـییەوە دەچـوونە دەرەوەو خـەڵکی مەجبوور دەبوون حسێبی تایبەتیان بۆ بکات... بەخوای منیش وەك تۆ نە (یەکێتیو نەپارتی)مە، بەلاّم چی دەکەی حزبەکەی من و تۆ لەقـەیرانی بـێ سـەرکردایەتی دایە... چش لەو خەڵکە دەکەی یەکێتیو پارتی بیکوژێو بیژینێ، هەر دەنگ بەوان دەداو حزبەکەی من و تۆش (٣%)ش ناهێنێ... وێڕای ئەوەش ئەلتەرناتیفی باشترمان نییە، دەنا ئەوە گەزو ئەوەش ئەرز..

ئەم سەرنجانەم تانەو تەشەر نییە، بـۆ هـیچ کـەس و لایـەنێك، بەقـەد ئـەوەی ڕاسـتییەو، ڕاسـتیش هـەردەم تاڵـەو جورئـەتی دەربڕینـی دەوێ.. پیرۆزبـایش لـە (بانیخێلاّنی)و خەڵکی تر دەکەم کە بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوەو دەیخەنە بەردەستی میللەت، تاوەکو هەر کەسەو سەرنج و بۆچوون و ڕای تایبەتی خۆی هەبێت دەربارەی مێژوو و ڕووداوەکان...


# ڕۆژنامەگەریی شاخ و نهێنی
# لەباشووری کوردستاندا
# (کارەساتی ١٩٧٥ تا ڕاپەڕین ١٩٩١/٣/٥)

## -سەرژمێریی و وردەکاری-

هەر لەدرێژ زەمانەوە، ڕاگەیاندن هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ هوشیار کردنەوەو گەیاندنی پەیامی ویستراو بەجەماوەر، شێوەکانیشی بەپێی هەل و مەرجی قۆناغەکان، گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لەهەر قۆناغێکیشدا، تایبەتمەندی خۆی دیاری کردووە.

لەقۆناغی سەخت و دژواری شۆڕشی چەکداریو، خەباتی نهێنی گەلی کورددا، ڕاگەیاندن لەگەڵ هەڵمەتەکانی پێشمەرگەو چالاکی ناو شارەکاندا، لەیەك سەنگەردا بووە.. دەیان کادیرو نووسەرو هۆزانڤانی پێشمەرگە، لەشەڕی بەرگری خەباتی ژێر زەمینیدا، لەپێناوی گەیاندنی پەیامەکەیاندا، گیانییان کردۆتە قوربانی. لەم کاتە دژوارەدا، چ لەشار چ لەشاخ، بەدەیان بلاوکراوەو گۆڤارو ئۆرگانی

تایبەتییان چاپ و بڵاوکردۆتەوە، کەناکرێ فەرامۆش بکرێن و ئاماژەیان بۆ نەکرێت... ئەو بڵاوکراوانە، تۆمارێکی تایبەتین بۆ سەروەری و هەوڵ




نەخشەیەکی بەیانی کە دەرچوونی چەند ئۆرگان و بڵاوکراوەیەکی تازە، لە هەر ساڵێکدا دەستنیشان دەکات

و تێکۆشانی ڕۆڵە ڕاپەڕیوەکانی کورد، دژ بەپرۆسەی کاولکردن و ڕاگوێزان و تەعریب و ئەنفال و کیمیابارانکردن.. بۆ لێکۆڵینەوەو شرۆڤە کردن و نووسینەوەی مێژووی نەتەوایەتیمان، ناکرێت پشتیان پێ نەبەستین و وەك سەرچاوە بەکاریان نەهێنین. ئەو بڵاوکراوانە، سەرەڕای کەم و کورتیو لایەنە نێگەتیفەکان، ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەهوشیار کردنەوەی خەڵك و زیندوو کردنەوەو بەرز ڕاگرتنی بۆنە نەتەوایەتییەکان... هەر دەزگا ڕاگەیاندنەکانی شاخ بوو، زەمینەی خۆشکرد بۆ ڕاپەڕینی سەرتاسەری خوێندکاران و، سەرجەم خەڵکی کوردستان، لەساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٣دا... هەر ئەو سەکۆیانە بوونە پەردەیان لەسەر کارە دڕندەکانی ڕژێم هەڵدەدایەوەو ناوی شەهیدە لەسێدارەدراوەکانی زیندانەکانی بەعسی ئاشکرا دەکرد.. وێرانکردنی هەزاران گوندو دەربەدەرکردنی خەڵکەکەی بۆ مێژوو تۆمار دەکرد.. داستانە پڕ لەسەروەرییەکانی پێشمەرگەکانی کوردستانی دەنووسییەوەو وزەو ورەو گیانی بەرخودانی دەدایە بەر خەڵکەوە.. هەر لەم بوارەشدا، ناکرێ هەوڵی ئەو نووسەرە سەرکێش و یاخییانەی شارەکان لەبەرچاو نەگرین و هەوڵەکانیان پووش

بەسەر بکەین.. لەوێ سەردەمێدا، دەیان نووسەری شۆڕشگێڕ لەناو جەرگەی شارەکان و لەژێر سانسۆری توندوە مەحکەمی ڕژێمدا، بەشێوەیەك لەشێوەکان، بەشداری ئەم بەرگریکردنەیان دەکرد، بەنهێنیو بەپۆستی چوکلێت ئامێز، بەرهەم و هەواڵەکانی شاریان دەگەیاندە شاخەکان و لەوێشەوە بلاو دەکرانەوە..

من وەك بابایەکی بەدواداچوونی ئەم قۆناغە مێژووییەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، هەولم داوە سەرنج و بۆچوونەکانم لەچەند سەرە ئەدرەسێکی درشت شرۆڤە بکەم و بەزمانی ژمارەش بدوێم. پاش ئامارو شەن و کەوکردنی هەر سێ کتێبی، (بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٩٧٥-١٩٩٣)ی ئیسماعیل تەنیا و (ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی) نەوزاد عەلیو (مادێنا-ی ئازاد خانەقینی)و چەند وردە نووسینێکی لێرەو لەوێی تر، کەپێم وایە سەرچاوەیەکی بەپێزن بۆ دەست کەوتنی زۆربەی هەرە زۆری بلاوکراوەکانی ئەو قۆناغە، گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە، (٩٤) نەوەدو چوار ئۆرگان و گۆڤارو بلاوکراوە لەنێوان کارەساتی (١٩٧٥ - ڕاپەڕینی ١٩٩١/٣/٥)دا، بەکوردیو بەنهێنی لەشاخ و لەشار دەرچووینە، کە پارتە سیاسییە کوردستانیەکان و ڕێکخراوە پیشەییو جەماوەرییو گروپ و هەولە تاکە کەسیەکان، لەو پانتاییەدا، شوێنی دیارو بەرچاویان هەیە.

## بلاوکراوەی ڕێکخراوە پیشەییەکان

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕش و جاڕدانی شۆڕشی چەکداری، ڕێکخراوە پیشەییەکانیش، شان بەشانی پەلەکانی تری بەرخۆدان، کەوتنە خۆو بەچەندان شێوە بەشداریان کرد، هەرچەندە مۆرکی بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکان، مۆرکی حزبایەتین و ناتوانین لەهەولی حزبەکان جودای بکەینەوە.. پاش جاڕدانی شۆڕش، هەر پارتەو

کۆمەڵێك ڕێکخراوی پیشەیی تایبەت بە توێژە جیا جیاکان ڕاگەیانـد... هەڵبەتـە، ئەوانە چونکە وابەستەیی پارتەکان بوون، لەگۆڕانکاریو ڕووداوەکاندا هەڵوێـستی موکم و دیاریکراویان نەبوو جگە لەوابەستەیی نەبێت... ئەو ڕێکخراوانە، لـەبواری ڕاگەیاندندا، سەرەڕای بەرنامـەی تایبـەت لەئیـستگە نهێنییـەکانی پارتەکانـدا، بلاڵوکراوەو ئۆرگان و گۆڤاری تایبەت بەخۆشیان هـەبوو... لـەم بـوارەدا، سـەرجەم ڕێکخراوەکانی سەر گۆڕەپانەکـە، (٣٦) ئۆرگـان و گۆڤـارو بلاڵوکراوەیـان چـاپ و بلاڵوکردۆتەوە، دەتوانین بەم شێوەیە ڕێزبەندیان بکەین:

- کۆمەڵ و یەکێتی نووسەران و لایەنە ڕۆشنبیرییەکان ڕێزبەندیان (١٠) بلاڵوکراوە.
- یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان ڕێزبەندیان (٥) بلاڵوکراوە.
- یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستانی عێراق ڕێزبەندیان (٣) بلاڵوکراوە.
- یەکێتی خوێندکارانی کوردستان ڕێزبەندیان (٢) بلاڵوکراوە.
- یەکێتی قوتابیان و لاوانی سۆسیالیستی کوردستان ڕێزبەندیان (٢) بلاڵوکراوە.
- یـەکێتی لاوان و خوێنـدکارانی زەحمەتکێـشانی کوردسـتان ڕێزبەنـدیان (٢) بلاڵوکراوە.
- یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان ڕێزبەندیان (٢) بلاڵوکراوە.
- کۆمەڵەی نووسەرو ڕۆژنامەنووس و هونەرمەنـدانی پێـشمەرگەی کوردسـتان و عێراق/ بەری نیشتمانی دیموکراتی (جود) ڕێزبەندیان (٢) بلاڵوکراوە.
- هەر یەکەو لە، (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، کۆمەڵەی ئافرەتانی عێـراق، یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان، یەکێتی ژنانی کوردستان، ئەنجوومـەنی گونـدی هەڵەدن، یەکێتی پێشەنگی خوێنـدکارانی کوردسـتان، لیژنـەی هاوکـاری نێـوان

ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوانی کوردستانی عێراق، ڕێکخراوی لاوانــی شۆڕشــگێڕ لەهەولێر)
سەرو یەك دانە بلاّوکراوەیان دەرکردووە.

## بلاّوکراوەو ئەدەبی منداڵان

سەرەڕای تەرخانکردنی بەشێکی کەم لەئۆرگانی پارتەکان و گۆڤارو بلاّوکــراوەی نووسەران و ڕێکخراوەکانی تر بۆ منداڵان، کەناوە ناوە لێرەو لــەوێ، شــیعرێك یــان چیرۆکێك بۆ منداڵان لەم ئۆرگان و بلاّوکراوانە دەبینران، لەگەڵ ئەوەشدا بەهــەوڵی چەند کەسایەتیو لایەنێك لەگەڵ نەبوونی باری دارایــیو زروفــی ڕەخــساو، چــوار گۆڤارو بلاّوکراوەی تایبەت بەمنداڵنیان بلاّوکردۆتەوە، هەرچەندە هەندێکیان تــەنها ژمارەیەکیان لێ بلاّوکراوەتەوەو ئیتر وەستاوە... هەوڵەکان لەبواری منداڵاندا دەتوانین بەم شێوەیە باسیان بکەین:

١-گۆڤاری (نەورۆز): هەڵگورد عەبدولوەهاب لەشــاری ڕەوانــدوز بەدەســتنووس و نهێنی بلاّوی کردۆتەوە. یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٩٨٠ دەرچــووەو ســەرجەم (٣) ژمارەی لێ بلاّوکراوەتەوە.

٢-گۆڤاری (ئەستێرە): (کاکەباس)، سەرپەرشــتی کــردووەو مەڵبەنــدی هــەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاپیان کردووە. قەبارەکەی نیو فۆڵکسابی (A٤) و یەکەم ژمارەی لە ١/٢/١٩٨٣ دەرچووەو ئیتر وەستاوە.

٣-سروشت: گۆڤارێکی زانستی منداڵان بوو، (عەباس ئیسماعیل ئاری)، ئامــادەی کردووەو مەڵبەندی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان چاپی کردووە. یەکەم

ژمارەی لەکانوونی دووەمی ۱۹۸۳دا دەرچووەو، سەرجەم (۳) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

٤-گزنگی بچووکان: پاشکۆی گۆڤاری (گزنگ) بوو، یەکێتی نووسەرانی کوردستان/ لقی کەرکوك دەریان کردووە. گزنگی بچووکان، تایبەت بەمندااڵن بوو، یەکەم ژمارەی لەساڵی ۱۹۸۵دا دەرچووەو تەنها (۳) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

## ئۆرگان و گۆڤاری تایبەت بە پارتەکان

پارتە سیاسیە کوردیەکان، بۆ ڕوونکردنەوەو گەیاندنی پەیامەکانیان، چەندان بڵاوکراوەی جۆر بەجۆریان لەکات و ساتی جیا جیادا، بڵاوکردۆتەوە... هەر چەندە شێوەی بڵاوکردنەوەو ژمارەی بڵاوکراوەکانی سنووردار بوون، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێگای ئەو مینبەرانەوە، توانیوویەتیان جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ خەڵکدا، دروست بکەن. ئەو بڵاوکراوانە، لەناوچە ئازاد کراوەکان، بەشێوەیەکی فراوانتر بڵاو دەکرایەوەو خەڵکێکی زۆرتر سوودمەند دەبوون.... بەڵام لەناو شارەکاندا، بەهۆی فشاری زۆری دەزگا سەرکوتکەرەکان، زۆر بەکەمیو بەشێوەیەکی نهێنی، لەلایەن ئەندام و هەوادارانی پارتەکانەوە بڵاودەکرانەوە... گۆڤارو بڵاوکراوەی واهەبوو، پەڕ پەڕ دەکرا وەك (بڵاوکراوەی دیوار) لەکۆڵان و بازاڕو خوێندنگاکاندا لەسەر دیوار هەڵدەواسران.... لەم ماوە سەختەی خەباتی (شاخ) دا، زێتر لە (۲۸) ئۆرگان و گۆڤاری تایبەت بەپارتەکان و (۲۱) گۆڤارو بڵاوکراوەی کاروباری پێشمەرگایەتی لق و مەڵبەندەکان و (٦) بڵاوکراوەی ئیستگەو دەنگ و باس و ڕاگەیاندنی پارتەکان، بڵاوکراونەتەوە، کەتەمەن درێژترینیان ئەو ئۆرگان و بڵاوکراوانەن:


ریبازی نوێ

١-ڕێبــازی نــویٚ: یەکــەم ژمــارەی لــەکانوونی دووەمــــی ١٩٧٦دا دەرچـــووە، ئۆرگـــانی یــەکێتی نیــشتمانی کوردســـتان بـــووە. تـــا ڕاپەڕین زێتر لـە (٨٥) ژمـارەی لیٚ دەرچووە.

٢-خەبات: ئۆرگـانی ناوەنـدی پـارتی دیموکراتی کوردســتانە نزیکــەی (٧٨) ژمارە.

٣-ڕێگای ئـازادی: ئۆرگـانی ناوەنـدی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، (٦٨) ژمارە.

٤-سورێن: لقی سلێمانی حزبی سوسیالیستی کوردستان، (٦٥) ژمارە.

٥-گازیا خوێندکاران و لاوان: لقی دهۆکی یەکێتی خوێنـدکارو لاوانـی دیمـوکراتی کوردستان، (٤٢) ژمارە.

٦-کۆمەڵە/ ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، (٣١) ژمارە.

٧-سەربەخۆیی/ ئۆرگانی ناوەندی پـارتی سۆسیالیـستی کـورد (پاسـۆك)، (٣٠) ژمارە

## یەکەم بلاٌوکراوەو دوا بلاٌوکراوەی قۆناغەکە

بۆ یەکالاٌ کردنەوەی ئەو مەسەلەیە، زۆر بیروڕا هەیە، ئەگەر یەکەم بلاٌوکـراوەی نهێنیو شاخ بەزمانی غەیرە کوردی باس بکەین ئەوا (الشرارة)ی یەکێتی نیشتمانی

کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەیەو، یەکەم ژمارەی لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥دا دەرچووە. خۆ ئەگەر باسی بلاۆکراوەکان بەزمانی کوردی بکەین، کە باسەکەی ئێمە تایبەتە بەم لایەنە، ئەوە (ڕێبازی نوێ)ی ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکەم بلاۆکراوەی کوردییەو لەکانوونی دووەمی ١٩٧٦دا بەتیژی (٢٠٠٠) دوو هەزار دانە، بلاۆکراوەتەوە.

دوا بلاۆکراوەش، گۆڤاری (قەلا) بوو. قەلا، گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی بوو، مانگی جارێك لەلایەن چەند ڕۆشنبیرێکی شاری ڕەواندوز دەرچووە. یەکەمین ژمارەی لەمانگی شوباتی ١٩٩١دا بەتیراژی (٦) دانە، بەشێوەی دەستنووس بلاۆکراوەتەوە.

## هەوڵی تاکە کەسی و سنووردار

سەرەڕای بوونی ئەو هەموو پارتە سیاسیو ڕێکخراوە پیشەییو جەماوەرییانە، لەگۆڕەپانەکەدا، هەوڵی سنووردارو تاکە کەسیش لەڕووبەری ئەو قۆناغ و کاتە دژوارو سەختەدا، وەك ڕۆژی ڕووناك دیارو درەوشاوەیە... ئەو هەولانە، زێترو بەرچاوتر لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٣)ەوە دەست پێدەکات، چونکە لەم ساڵەدا، شەڕی عێراق و ئێران، گەیشتبووە ئەو پەڕی توندو تیژیو، خەڵکی کوردستان ئامادە نەبوون، خۆیان بکەنە سووتەمەنی ئەو جەنگە کاولکارییە... بۆیە بەشی هەرە زۆری ڕۆڵەکانی کورد، پەنایان دەبردە بەر ناوچە ئازادکراوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، لاوانی ڕۆشنبیرو شۆڕشگێڕ لەناو شارەکاندا، بەهەموو شێوەیەك لەهەولی گەشکردنی ژیلەمۆی خەباتدا بوون و، هەولە ڕاگەیاندنەکانی خۆیان تێکەڵ بەهەولەکانی شاخ دەکرد. لەم ڕووەوە، ئەو هەولە تاکە کەسییانە ناکرێ فەرامۆش بکرێن و دەبێت

بەچاوی بەهەند وەرگرتن سەیریان بکرێت... ئەو گۆڤارو بلاّوکراوانە دەکەونە ئاقاری تاکە کەسیو هەولّی سنووردار:





١-(سروشـت) و (نـەورۆز)، لەبابـەتی بلاّوکـراوەو ئـەدەبی مندالاّنـدا، ئاماژەمان پێکردوون و، یەکـەمیان بەهەولّی عەباس ئیسماعیل ئاریو دووەمیـان بەهـەولّی هـەلّگورد عەبدولوەهاب، دەرچوون.

٢-قەنـدیل: گۆڤـارێکی ئـەدەبیو ڕۆشنبیری سەربەخۆ بـوو، ناوبـەناو دەردەچوو. (مـارف عومـەر گـولّ) سەرنووسەری بوو. یەکـەم ژمـارەی لەشـوباتی ١٩٨٧ لەشـێوەی زەنگیانە کتێب (کتێبی بەرباخەلّ) بـە (٩٦) لاپـەڕە دەرچـوو. ژمـارە (٤)ی دوا ژمارەیـەو لەتـەموزی ١٩٨٨ دەرچووە. ئەم گۆڤارە، لەسەر ئـەرکی حزبـی سوسیالیـستی کوردسـتان، لەچاپخانەی شـەهید (سەیدا سالح یوسفی) چاپکراوە.




٣-کولتـوور: گۆڤـارێکی ڕۆشـنبیری

گشتی وەرزانە بوو، یەکەم ژمارەی لـەکانوونی یەکـەمی ١٩٨٨ بـە (٤٢٠) لاپەڕەی قەبارە فۆلکساب (A٤) دەرچووە. ژمارە (٥)ی دوا ژمارەیـەو لەسـاڵی ١٩٨٩دا چاپکراوە. لەڕووی ژمارەی لاپەڕەکانیەوە، بەگەورەترین گۆڤاری ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری‌و سیاسـی، سـەردەمی شـاخ لەقەڵـەم دەدرێـت. زێـتر بەهەوڵ و سەرپەرشتی (محەمەد موکری) نووسەرو ڕۆمـاننووس، ئامادە کـراوەو لەسـەر ئـەرکی یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان، چاپکراوە.



٤-ژیلـەمۆ: گۆڤـارێکی سیاسـی، ڕۆشنبیریی گشتی بـوو، لاوانـی زەحمەتکێـشانی کوردسـتان دەریـان دەکـرد. بەهـەوڵی سنوورداری (غـازی حەسـەن و ئیسماعیل تەنیاو گۆران جەلال) ئامادەو چاپ و بلاّو دەکرایەوە. یەکەم ژمـارەی لەمانگی ئابی ١٩٨٩دا دەرچووە. ژمارە (٧) دوا ژمارەیەو لەتـشرینی دووەمـی ١٩٩٠دا دەرچـووە، ئـەم گۆڤـارە بـەنهێنی‌و لـەناو شـاری هـەولێر (گـەڕەکی مەنتکاوە) دەرچووە.

٥-ژیلوان: ڕۆژنامەیەکی سیاسی‌و ئەدەبی‌و هونەری‌و کۆمەلاّیەتی بوو، ئەنجوومەنی گوندی (هەڵەدن) دەری دەکرد. لەلایەن (مەدحی مەندەلاوی‌و بەکری خـەتات و

ئازاد خانەقینی) ئامادەو بلاّودەکرایەوە.. ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٨٥دا دەرچووە. (٨) ژمارەی لێدەرچووەو وەستاوە. ئـەوە یەکـەمین هـەوڵی ئەنجوومـەنی گونـدە ئازادکراوەکانی کوردستانە لەم قۆناغە مێژووییەدا.

٦-چرای ئازادی: ڕۆژنامەیەك بوو، کۆمەڵێك لاوی ڕۆشنبیری شۆڕشـگێڕ لەهـەولێر دەریان دەکرد. یەکەمین ژمارەی لە ٣٠/١/١٩٩١ بەنهێنیو لەشـاری هـەولێر دەرچووە. لەم ژمارەیەدا، بانگەوازی خۆسازدان بۆ ڕاپەڕین و بانگەوازێك بۆ ئـەو خوێندکارانەی بەناو (دفاع المدنی)، ڕاوە فێراریـان دەکـردو ئێـشکیان لەفرقـە حزبییەکانی بەعس دەگرت، بلاّوکراوەتەوەو داوایان لێکـراوە واز لەدکتاتۆریـەت بهێنن و بەریزەکانی گەلەوە پەیوەست بن. لەماوەی (٤٠) ڕۆژدا، (٧) ژمارەی لێ بلاّوکراوەتەوە.

٧-قەڵا: لەبابەتی: (یەکەم بلاّوکراوەو دوا بلاّوکراوەی قۆناغەکە) باسکراوە.

## بلاّوکراوە تەمەن کورتەکان

بەهۆی نەبوونی ئامێرەکانی چاپکردن و کەم دەرامەتیو سەختی بارودۆخەکـەو نەبوونی کادیری ڕاگەیانـدن. بەشـێکی زۆری گۆڤـارو بلاّوکراوەکـانی شـاخ، پـاش بلاّوبوونەوەی چەند ژمارەیەکی کەم لەکار کەوتوون. هۆکارێکی تری لەکار کەوتنی ئەو بلاّوکراوانە ئەوەیە، کە ئەو کەسانەی دینەمۆو هەڵسوڕێنەری بلاّوکراوەکە بوون، مەیـدانی خـەباتیان چـۆلکردووە، ئـەوجا یـان سـوودیان لەلێبووردنـەکانی ڕژێـم وەرگرتووەو گەڕاونەتەوە شارەکان، یان بەرەو هەندەران سەری خۆیان هەڵگرتووە.. زۆر جارانیش ئەو بلاّوکراوانە، سەر بەلق و مەڵبەندی پارتە سیاسیەکان بـوون، کەچـی بەهۆی فەرامۆشکردنیان، وەستاون، بۆ نموونە ئەو بلاّوکـراوەو گۆڤارانـە، (پێـروو،

سەنگەر، ئەستێرە، نووسەری نوێ، هەڵوێست، تەرازوو،. نۆژەن، ڕاپەڕین)، تەنها یەك ژمارەیان لێ بلاْوکراوەتەوەو وەستاون.

## لایەنی هونەریی و هەڵەی چاپکردن

لەڕووی هونەرییەوە، بەهۆی کەم دەرامەتیو نەبوونی ئامێرەکانی چاپکردن، بلاْوکراوەکانی ئەم قۆناغە، سادەو ساکار دەرچووینە، بەشێکی زۆریان بەتایپی کۆنی دەست، دواتر بەتایپی (برازەڕ) چاپکراون و بە فۆتۆ ستێنسڵ، یان ڕۆنیۆ ڕاکێشراون. چەند بلاْوکراوەیەکی کەمیش، هەر بەدەست نووسراون، لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵ دراوە، بەگوێرەی توانا لەگەڵ بابەتەکان وێنەی پێویست دابنرێت. هەر چەندە لەڕووی هونەرییەوە وێنەکان جوان دەرنەچووینە بەلاْم وابووە کە بناسرێنەوە. ئۆرگان و ڕۆژنامەکانیش، بەشێوەیەکی گونجاو، مانشێتی تایبەتییان بۆ هەر ژمارەیەك دابەزاندووە، کەزۆربەیان دوو ڕەنگ بووینە (سوورو ڕەش یان شین ڕەش)، ئەویش لاپەڕەکانی یەکەم و دوا لاپەڕە یان لاپەڕەکانی ناوەڕاست... زۆر جارانیش مانشێت و ناوونیشانە وردەکان هەر بەدەست دەنووسران. لەڕووی چەندایەتیەوەش، بەشی زۆریان بەتیراژێکی کەم چاپکراون، کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سەختی قۆناغەکەی شۆڕشی چەکداری کورد، دیاری دەکات.

لەڕووی هەڵەی چاپیشەوە، ئەگەر لەگەڵ دونیای پێشکەوتووی ڕۆژنامەگەریی ئێستای کورد بەراوردی بکەین، بەدڵنیاییەوە دەڵێم، ئەوان سەردەمان، هەڵەی چاپ یەکجار کەمتربوون، لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا... جگە لەچەند دیاردەیەکی کەم نەبێت، ئەویش بەهۆی نەبوونی (سەرو بۆر) بۆ پیتە کوردییەکانی (ۆ، ڕ، ێ، گ) لەئامێرەکانی تایپ کردندا، کە وایکردووە، هەندێك وشە لەڕووی ماناوە بگۆڕدرێت،

بەلاَم خوێنەر دەتوانێت، وشەکان لەپێکهاتەی ڕستەکاندا ڕاست بکاتــەوە... کەچــی ئەمڕۆکە، سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە، بابەتێك نییە بێ هەڵەی چاپ بلاَوبکرێتەوە.. نووسەر نییە، بێزارو دڵگران نەبێت لەبەرامبــەر ئــەو دیــاردە بلاَوەی دونیای ڕۆژنامەگەریی کوردی.

## گۆشە بەربلاَوەکان

بلاَوکراوەکانی شاخ بەتایبەتیش ئۆرگانەکان، وەك سیمایەکی تایبەتی ڕۆژنامــە، بێ بەری نین لەگۆشەو ستوونی جێگر، چونکە هەر گۆشەیەك مەغزاو تایبەتمەندیو خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە... بۆ نموونــە، لەزۆربــەی ئۆرگانەکانــدا ئــەو گۆشــە جێگیرانە دەبینرێن:

١-سەروتار: کەباسی تازەترین ڕووداوە گرنگ و گــەورەکان دەکــات و، ئۆرگانــەکان لەبەرامبەریاندا هەڵوێستی خۆیان ئاشکرا دەکەن.

٢-فەرهەنگی سیاسی: بۆ شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی چــەند وشــەیەکی بــەربلاَوی دنیای سیاسەت تەرخان کراون.

٣-ڕاپۆرت یان ڕیپۆرتاژ: لەم گۆشەیەدا، ڕاپۆرتی تایبەت لەبارەی ڕووداوە ناوخۆییو جیهانییەکان بلاَو کراونەتەوە.

٤-بلاَوکراوە یان چاپکراوی نوێ: هەر لایەن و بلاَوکراوەیەك، هەوڵیان داوە تازەترین کتێب و بلاَوکراوەی تایبەت بەخۆیان، یان گــرنگ بەلایانــەوە، شــرۆڤەو بــلاَوی بکەنەوە.

٥-عێراق و کوردستان لەڕۆژنامەگــەریی جیهانــدا: خــستنە ڕوو و کورتکردنــەوەی ناوەڕۆکی ئەو باسانەیە، کە ڕۆژنامە عەرەبیو جیهانییەکان لەسەر بــارو دۆخــی عێراق و کوردستان بلاَویان کردۆتەوە.

٦-کاروانی شەهیدان، سەروەران، کاروانی نەمران، لەرێگای ئازادیدا، لەرێگای سەرفرازیدا: ئەوانە هەموویان ئەو گۆشە جێگیرانەن، کە لەتەواوی ئۆرگانەکاندا بەدی دەکرێن و تایبەتن بەژیاننامەو یادی ئەو شەهیدانەی کە لەرێگای ئازادیو سەربەخۆیی کوردستاندا، گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی.. بەشی هەرە زۆری ئەو گۆشانەش، بەوێنەی تایبەتی شەهیدەکانەوە، ڕازاونەتەوە.

٧-لاپەڕەی ئەدەب و ڕۆشنبیری: ئەو لاپەڕەیە تەرخان کراوە بۆ کورتە چیرۆك و شیعرو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەرگریو، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەدیب و نووسەرە پێشمەرگەکان.

٨-چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان: بریتیە لەخستنە ڕووی ئەو چالاکییە ڕۆشنبیرییانەی کە لەنێوان ژمارەی پێشوو و ژمارەی تازەی بلاّوکراوەکان، لەناوچە شاخاوییەکاندا، ئەنجام دراون.

٩-کاریکاتێر: وەك پێویستییەکی ژیاری ڕۆژنامەگەریی مۆدێرن، هەوڵ دراوە، ناوە ناوە، بۆ بۆنەو ڕووداوی هەنووکەییو بەربلاّو، کاریکاتێر بلاّوبکرێتەوە... زۆربەی ئۆرگان و بلاّوکراوەکان، ئەم لایەنەیان فەرامۆش نەکردووە...

## دەگمەن بوونی بلاّوکراوەکانی قۆناغەکە

ئەرشیف، هۆکارێکی گرنگە بۆ کارئاسانیو بەزانستی کردنی، هەر لێکۆڵینەوەیەك لەهەموو بوارەکاندا، بەبێ بوونی ئەرشیف، ئەستەمە بتوانین سەرچاوەکان بپارێزین... لەسەردەمی شۆڕشی چەکداریو خەباتی نهێنیدا، دووقات گرنگی ئەو بابەتەمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە مێژووی ئەو قۆناغە پڕ لەهەورازو نشێوە، بەشێکە لەمێژووی پڕ لەقوربانیو تێکۆشانی سەدان ساڵەی کورد... مخابن

تائێستاکە ئەرشیفێکی تەواوو دەوڵەمەندی شایان بەو قۆناغەمان نییە، ئەوەی هەیەو لەبەردەستدایە، بریتییە لەچەند هەوڵێکی تاکە کەسی سنووردار... بەبۆچوونی ئێمە، دەگمەن بوون یان هەر نەبوونی بلاۆکراوەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە، لەم هۆکارانەوە سەرچاوە دەگرن:

١-بەنهێنیو ئەستەم بوونی خەباتەکەو، زۆری کۆنترۆڵ و سانسۆرەکانی ڕژێم، وایکردووە کە بەشێکی زۆری ئەو بلاۆکراوانە ببنە خۆراکی ئاگر.. خەڵکی واهەبووە، لەشارەوە ئەو بلاۆکراوانەی دەستکەوتووە، بەلاّم لەبەر پشکنین و کۆنترۆڵکردنی ماڵەکان لەلایەن دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات و خەفیەو سیخوڕەکان، پاش خوێندنەوەیان، هەر زوو سووتاندوویەتی. دەبێ ئەو ڕاستیەش بزانین، خەڵکی وا هەبووە لەسەر لەدەست گیرانی بلاۆکراوەیەك یان پۆستەرێك و کاسێتێك، گیراون و لەسێدارە دراون(*)..

٢-هێرشە یەك لەدوایەکەکانی ڕژێم بۆ سەر بارەگا سەرەکییەکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکان، وایکردووە نەتوانن بەشێوەیەکی بەردەوام لەشوێنێکدا ئۆقرە بگرن و بگیرسێنەوەو، ئەرشیف و پێویستییەکانی ئەرشیف، دابین بکەن.

٣-لەبەر نەبوونی دەرامەت و سەرچاوەی داراییو کاغەزو ئامێرەکانی چاپکردن، نەتوانراوە ژمارەیەکی زۆر لەبلاۆکراوەکان چاپ بکەن، ئەوەی کراوەش لەچەند سەد دانەیەك تێپەڕی نەکردووە.

٤-شەڕی براکوژی نێوان پارتە کوردستانییەکان، هۆکارێکی تری بەرچاوی دەگمەن بوونی بلاۆکراوەکانە... کەلایەنێك بارەگاو بنکەو ڕاگەیاندنی لایەنێکی تری داگیر دەکرد، ئەوەی بەکەڵکی مەرامەکانی خۆی دەهات، دەیبردو ئەوەی تری

دەسووتاند.. بەم کارەش، ماندووبوون و ئەرشیفی چەند ساڵەی ئەو لایەنە دەفەوتاو، دەبوایە سەرلەنوێ لەسفرەوە دەست پێبکاتەوە.

٥-زۆر جاران لەترسی ئەو هۆکارانەی سەرەوە، چەند پێشمەرگەیەکی ڕۆژنامەنووس و خەمخۆری ئەو لایەنە، (پێش تایێ بەرەیان بەخۆ داداوە)، وەلێ مخابن هەوڵەکانیان شوون بزر بوونە... ئەو کەسانە، بلاوکراوەکانیان لەفەردەو سندوق دەکردو بەلایلۆن دەیانپێچاو لەژێر زەوییان دەشاردەوە: بەلام پاش تەواوبوونی کیۆماڵ و هێرشەکان، ئەرشیفەکان نەدەدۆزرانەوە، چونکە:

- خاڵی سەرەکیو سنووری حەشارگەکان تەواو دیاری نەکرابوون.
- زۆر لەو کەسانە، لەهێرشەکان و بەرگریکردندا شەهید دەبوون.
- ئەرشیفەکان بەهۆی زۆری باران و لافاوەوە، کەوتوونەتە سەر زەویو لەناوچوون.
- یەکێك لەپێزانەکان تەسلیم بۆتەوەو زانیارییەکانی بەڕژێم داوە.

* بڕوانە کتێبی: خولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤-١٩٨٨، نەوشێروان مستەفا ئەمین، بەرلین ١٩٩٩، ل٢١٤-٢١٨.

**سەرچاوەکان:**


١-بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٩٧٥-١٩٩٣، ئیسماعیل تەنیا، هەولێر، ١٩٩٨.
٢-ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی، نەوزاد عەلی ئەحمەد، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠١.
مادێنا، مێژوو بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) ١٩٧٥-١٩٩١، ئازاد خانەقینی، سلێمانی، ٢٠٠٠.


*** سەرنج: وێنەی بەرگ و لاپەڕەی یەکەمی ئەو گۆڤارو بلاوکراوانەی لەگەڵ ئەم بابەتەدا بلاوم کردونەتەوە، لەهەردوو کتێبەکەی (ئازاد خانەقینی) و (نەوزاد عەلی ئەحمەد) وەرمگرتوون.**